http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.203

# پروپاگەندەی سیاسی و جۆرو تەكنیكەكانی بلاْوكردنەوەی

هاونیاز سامی صابر

زانكۆی سلێمانی-كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان- بەشی ڕاگەیاندن

Hawnyaz.saber@spu.edu.iq

**پوختە**

لەم سەردەمەدا و بەتایبەت لەكۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكاندا كە ئێمەش بەشێكین لەو كۆمەڵگەیانە پروپاگەندە بەشێوەیەكی كاریگەر جێی خۆی كردۆتەوەو زۆربەی كات بابەتی پروپاگەندە ئەگەر راستیش نەبێت، دەبێتە جێی باوەڕی كۆمەڵگاو بیروبۆچوون و راكانیان دەگۆڕێت لەسەر بابەتی پروپاگەندە بۆكراو.

لەم روانگەیەوە توێژەر بابەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردووەو دەیەوێت ئەم چەمكە بناسێنێت و ئەوە روون بكاتەوە كە لەڕووی ناوەڕۆكەوە جۆرەكانی كامانەن و بەكام ڕێگاو شێواز بلاْودەكرێنەوە. هەروەها توێژەر هەوڵیداوە بەچەند خاڵێك جیاوازی نێوان هونەری پروپاگەندەو ریكلام بخاتەڕوو وەك بەرچاو روونییەك بۆ خوێنەران.

لەلایەكی دیكەوە توێژە بەپشت بەستن بەتێبینییەكانی خۆی و رەچاوكردنی ئەو بارودۆخە سیاسیەی كە لەكاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستاندا ئاگاداریانە، تێبینی كردووە كە پارتە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان پروپاگەندە وەك ئامرازێكی كاریگەری سەرخستنی لیست و كاندیدەكانی خۆیان و لێدان و لاوازكردنی ركابەرەكانیان بەكاردەهێنن، بۆیە لەتوێژینەوەكەدا جەختیكردووە لەسەر پروپاگەندەی سیاسی و ئەو سێ جۆرە باوەی كە لەدنیای ئەمڕۆدا پارتە سیاسیەكان پشتیان پێدەبەستن روونكردۆتەوەو پاشان بنەماكانی شیكردنەوەو راڤەكردنی پروپاگەندەی سیاسی خستۆتەڕوو.

لەكۆتایی ئەم توێژینەوەیشدا توێژەر چەند تەكنیكێكی بلاْوكردنەوەی پروپاگەندەی سیاسی ناساندووە كە پروپاگەندەكاری سیاسی پەنایان بۆ دەبات بەمەبەستی كاریگەریی دانان لەسەر وەرگری پروپاگەندە بۆ ئاراستەكراو.

جێی ئاماژەیە ئەم توێژینەوەیە لایەنی تیۆری چەمكی پروپاگەندەی خستۆتەڕوو تەنها بەمەبەستی ناساندن و شیكردنەوەی چەمكی پروپاگەندە بەپێی سەرچاوە زانستییەكان.

**كلیلە وشە :** تەكنیكەك, پروپاگەندە,سیاسەت ,ڕۆژهەڵات.

## پێشەكی

پروپاگەندە وەك ئامرازێكی گرنگی گەیاندنی پەیامی ئامادەكراوی خواستراو لەلایەن پروپاگەندەكارەوە، هەڵگری ئایدۆلۆجیاو تێڕوانینەكانی تاك و گروپ و پارتە سیاسییەكانەو بەهۆیەوە دەتوانن كاریگەری لەسەر جەماوەر و كۆمەڵی ئاراستەكراو جێبهێڵن و زۆربەی كات بیروبۆچوون راكانیان لەسەر بابەتی پروپاگەندە یەكبگرێتەوەو ببنە تەواوكاری پرۆسەی پروپاگەندەكردن. لەدنیای ئەمڕۆشدا و بەتایبەت لەهەڵمەتی كەمپەینی هەڵبژاردنەكاندا پروپاگەندە كاریگەریی و گرنگی تایبەتی هەیەو پارتە

سیاسییەکان پشتی پێدەبەستن ئەمە جگە لەوەی لە کاتە هەستیارەکانی دۆخێکی تایبەتی نەتەوەو وڵات و پرسە چارەنووسسازەکاندا پروپاگەندە دەبێتە تەواوکەری مەرام و خواستەکانی دەسەڵاتداران و پارتە سیاسییەکان و گروپە دینی و ئیتنیکییەکان.

لەلایەکی دیکەو کۆمپانیاو گروپە بازرگانییەکان پروپاگەندە دەکەنە ئامرازێك بۆ فرۆشی زیاترو هەروەها دژایەتیکردنی فرۆشی کاڵاکانی کۆمپانیاو گروپێکی تری بازرگانی.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵیداوە چەمك ومێژووی پروپاگەندە بناسێنێت و هەروەها جیاوازی نێوان پروپاگەندەو ریکلام بەخوێنەران ئاشنا بکات. هەربۆیە دوای خستنەڕووی چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە، لەبەشی دووەمدا باسی چەمکی پروپاگەندەو مێژووی سەرهەڵدانی کراوەو پاشان سوودەکانی پروپاگەندە وەك بەهێزکردنی بەرگری ناوخۆیی دژ بە هێرشە دەروونیە دەرەکیەکان باسکراوەو پێی دەوترێت ( پروپاگەندەی -بەرهەڵستی ).

توێژەر هەوڵیداوە جۆرەکانی پروپاگەندە بناسێنێت و پاشان ئەو شێوازو رێگایانەی کە پروپاگەندەکار بەکاریان دەهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەکەو کاریگەری دانان لەسەر کۆمەڵ و ئەو وەرگرانەی کە ئاڕاستەیانکراوە خراوەتەڕوو، هەروەها ئەو بنەمایانەی روونکردۆتەوە کە پروپاگەندەیان لەسەر بونیاد دەنرێن، دواتر توێژەر ئەو بنەما گشتییانەی کە پێویستە لەبابەتی پروپاگەندە رەچاو بکرێن بەکورتی خستوونیەتی ڕوو.

لەکۆتاییدا توێژەر کاری لەسەر پروپاگەندەی سیاسی کردووە وەك ئامرازێکی سەردەمیانە کە پارتە سیاسییەکان لەقۆناغەکانی کارکردنیان بەکاریدەهێنن بەتایبەت لەکاتی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا. هەر لەم رووەوە پروپاگەندەی سیاسی ناساندووەو ئەو بنەمایانەی کە شیکردنەوەو راڤەکردنی پروپاگەندەی سیاسی پێدەکرێت. هەروەها ئەو تەکنیکانەی خستۆتەڕوو کە پروپاگەندەکاری سیاسی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی پروپاگەندەکەی پشتیان پێدەبەستێت.

### 1 : چوارچێوەی توێژینەوەکە

### 1-1 : کێشەی توێژینەوەکە

ناساندنی جۆرەکانی پروپاگەندە و شێوازەکانی پروپاگەندەکردن و ئەو بنەمایانەی کە لایەنی پروپاگەندەکار پشتیان پێدەبەستێت لەبڵاوکردنەوەی بابەتی پروپاگەندەدا وەك (ئایدۆلۆجیا و بیرۆکە و گۆڕانکاری لەهەڵوێستی دیاریکراودا)، روونکردنەوەی ئەم لایەنانە دەبنە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە. هەروەها جۆرەکانی پروپاگەندەی سیاسی کامانەن و ئەو تەکنیکانە چین کە پروپاگەندەکاری سیاسی پشتیان پێدەبەستێت بۆ کارکردنە سەر وەرگرەکانی. هەروەها ئاشناکردنی خوێنەران بەشێوازو تەکنیکەکانی پروپاگەندە و تێگەیشتن لە مەبەستی پروپاگەندەکار تا بتوانێت خوێندنەوەی بۆ بابەتی پروپاگەندەکار هەبێت.

### 2-1 : گرنگی توێژینەوەکە

بابەتی پروپاگەندە ئەو چەکە بەهێزەیە کەهێزە سیاسی و حکومەتەکان و تەنانەت ئەندامانی کۆمەڵگەش بەکاری دەهێنن

بەمەبەستی گەیاندنی مەرام و بیروبۆچوونەكانیان بەو شێوەیەی كەخۆیان دەیانەوێت، جا دەكرێت بابەتی پروپاگەندە راستیش نەبێت.

دیارە لەم سەردەمەشدا وەك سەردەمی ململانێی دیموكراسی، پرۆسەی هەڵبژاردن ئامرازێكی بەهێزی یەكلاكردنەوەی ململانێكانە، بۆیە لەم نێوەندەدا پارتە سیاسیەكان بۆ نیشاندانی بەهێزی و پێگەی خۆیان و لاوازكردنی ركابەرەكانیان پەنا بۆ پروپاگەندە دەبەن تابتوانن كاریگەری لەسەر بیركردنەوەو بڕیاری خەڵك دروستبكەن و بەشێوەیەك ببنە دەنگدەری لیست و كاندیدەكانی خۆیان و دژایەتی راكابەرەكانیان بكەن.

كەواتە توێژەر دەیەوێت گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەربخات كە بابەتی پروپاگەندە كاریگەرو خاوەن هێزێكی جێگیرە لەسەر تاك و كۆمەڵگە و دەبێتە هۆی ئاڕاستەكردنی كۆمەڵگا و كاریگەریی جێدەهێڵێت لەسەر ڕاو بیروبۆچوونەكانیان.

### 1-3: ئامانجی توێژینەوەكە

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵیداوە تەنها لایەنی تیۆری پروپاگەندەی سیاسی و تەكنیكەكانی بناسێنێت بەپێی ئە سەرچاوانەی كە پروپاگەندەیان ناساندووە بخاتەڕوو، هەروەها ئەم خاڵانەش ئامانجی توێژینەوەكەن:

1- ناساندنی چەمكی پروپاگەندە و مێژووی دروستبوونی و جیاوازی لەگەڵ ریكلامدا.

2- جۆرو شێوازەكانی پروپاگەندە كامانەن و چۆن بونیات دەنرێت.

3- خستنەڕووی جۆرەكانی پروپاگەندەی سیاسی.

4- ئەو تەكنیكانە كامانەن كە پروپاگەندەكاری سیاسی لەگەیاندنی پەیامی پروپاگەندە پشتیان پێدەبەستێت.

### 1-4: میتۆدی توێژینەوەكە

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە پشتی بەشێوازی وەصفی بەستووە، بەوپێیەی توێژینەوەكانی بواری میدیا بەگشتی بەم شێوازە كاردەكەن، چونكە گونجاوە بۆ گەڕان و كنەی زانیارییەكانی توێژینەوەكە، هەر لەم رووەشەوە هونەری پروپاگەندە بەجۆرێك لەجۆرەكان پشت بە ئامرازەكانی میدیا دەبەستێت بۆ بلاْوكردنەوەی پەیام و زانیارییەكانی بابەتی پروپاگەندە.

### 2: جۆرەكانی پروپاگەندەو تەكنیكەكانی پروپاگەندەی سیاسی

بەو پێیەی چەمكی پروپاگەندە ناساندنی جۆراوجۆری بۆكراوە لەلایەن پسپۆرانەوە بەجۆرێك هەندێك پێیان وایە ریكلام و پروپاگەندە یەك چەمكن و هەندێك پێیان وایە پروپاگەندە بەشێكە لە ریكلام، بۆیە لەم بەشەدا توێژەر چەمكی پروپاگەندە بە پشت بەستن بەچەندین سەرچاوە دەناسێنێت و باس لەگرنگییەكەی و سودەكانی و جۆرەكانی دەكات.

### 2-1: گەشەكردنی چەمكی پروپاگەندەو سودەكانی

پروپاگەندە بریتیە لە: شێوەیەك لە شێوەكانی ئاراستەكردنی دەرونی بەرەو نیشاندانی هەڵویستێك یان دەربڕینی ڕاو بۆچوونێك.

سەرەتای سەرهەڵدانی پروپاگەندە دەگەرێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی كە مرۆڤ تیایدا فێری وێنەكێشان و نوسین و قسەو دروستكردنی

تۆری پەیوەندی بووە، هەرچەندە چەمكی پروپاگەندە بەر لە سەدەی حەڤدەیەم نە ناسرابوو، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا چالاكی پروپاگەندە كردن لە سەدەكانی پێشتریش بەكار دەهێنرا.[1]

بۆ نمونە ئاشوریەكان پروپاگەندەیان بەكارهێناوە بۆ ئەوەی كاریگەری لەسەر دوژمنەكانیان دروست بكەن و بێنە ریزەكانیانەوە، هەروەها فرعەونیەكان پروپاگەندەیان بەشێوەیەكی زۆر سەركەوتوانە بەكارهێناوە بۆ جەنگەكانیان، بەهەمان شێوەی ئەوان چینیە كۆنەكانیش بەر لە پێكدادانی هەردوو لایەنی جەنگ پروپاگەندەیان بەكارهێناوە بۆ دروستكردنی كاریگەری‌و شێواندنی دوژمنەكانیان[2].

مرۆڤ لە دێر زەمانەوە شێواز و ئامرازی جۆراوجۆری بەكارهێناوە بۆ كاركردنە سەر هزری بەرامبەر و گۆڕینی ناخی بەمەبەستی بەكارهێنانی بۆ بەدیهێنانی ویستەكانی خۆی.

لەلای یۆنانیەكان پروپاگەندە لەشێوەی وتار باو بووە، كە لە وتارەكاندا جنێودان و تانەدان بەكارهاتووە بۆ لاوازكردنی ورەی بەرامبەر[3]، ڕاڤەكردنی پروپاگەندە لە ئەسینا بە نزیكی لە سەدەی پێنجی پێش زاینی دەستی پێكرد[4]. ئیمپراتۆریەتی رۆمانی شێوازێكی تایبەتی هەبوو بۆ پروپاگەندە كردن، چونكە تەنها رۆمانیەكان ئامرازی رەتكردنەوەی راستەوخۆیان هەبوو بۆ پروپاگەندەكانی دوژمن. بەكارهێنانی شیعری وروژاندن لە هەریەك لە ئەلیازەو ئۆدیسا ئامرازێك بوون بۆ جولاّندنی هەستی نەتەوایەتی لای گەل[5]. وتار لەكاتی كۆبونەوەی جەماوەر هاوشێوەی شیعر بۆ مەبەستی پروپاگەندە بەكار هاتووە، ئەوەی جێگەی باسە (لیلیان قەیسەر)، رۆلّێكی حاشا هەلّنەگری هەبوو بە ناساندنی پروپاگەندە وەك ئامرازێكی سیاسی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا[6].

مێژووی پروپاگەندە دەگەرێتەوە بۆ چاخەكانی ناوەراست و بە تایبەت بۆ سالّی 1633 ز، كاتێك پاپایەك رێكخراوێكی دامەزراند بۆ پروپاگەندە و ڕاگەیاندنی ئاینی، كاری ئەم رێكخراوە جێبەجێكردنی كاروباری دەرەوەی كلّێسەی كاسۆلیكی بوو[7].

لێرەوە بۆمان ئاشكرا دەبێت كە پروپاگەندە رۆلّێكی گەورەی هەبووە لە بواری ئایندا بە تایبەت لە سەردەمی ( پاپا گریگوار)ی حەوتەم كاتێك كۆنگرەیەكی بەست بۆ بلاّوكردنەوەی پروپاگەندەی مەزهەبی كاسۆلیكی و دوای ئەو كۆنگرەیە وشەی پروپاگەندە واتای وەرگرت لە زمانە ئەوروپیە نوێكاندا.

بەلاّم لە مێژووی سەردەمدا دوای جەنگی جیهانی یەكەم پێویستی بۆ پروپاگەندەی سیاسی هاتە كایەوە، لەو هەنگاوەوە خودی پروپاگەندە بەشێوەیەك گەشەی كرد تاكو بوو بە زانستێكی خاوەن یاساو دەستور. وەك دەبینین لەجەنگی جیهانی یەكەم دا ولاّتە

---

1- محمد جودت ناصر: الدعاية والاعلان والعلاقات العامة، مصر، دار القاهرة للطباعة والنشر، 2002، ص29.

2- صلاح نصر: الحرب النفسية- معركة الكلمة والمعتقد، الجزء الاول، القاهرة، دار القاهرة للطباعة والنشر، 1967، الطبعة الثانية، ص56.

3- فتحي الابياري: الاعلام الدولي والدعاية، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية،1988، ص151.

4- عبد المنعم كاظم مطلب الشمري: الدعاية الصهيونية في عملية تهجير اليهود السوفيت، رسالة ماجستير (غير منشورة) قدمت الى جامعة بغداد/كلية الاداب-قسم الاعلام عام 1985، ص86.

5- د. عبدالطيف حمزة: الاعلام والدعاية، القاهرة، دار الفكر العربي،1984، ص130.

6- عبد الرحمن عيسوي، دراسات في علم النفس الاجتماعي، بيروت، دار النهضة العربية، 1974، ص15.

7- رفيق سكري: دراسة في الرأي العام والاعلام والدعاية، طرابلس، جروس برس، 1991، ص73.

بەشداربووەکان هەر یەك خاوەن سیاسەتێکی تایبەت و جیاوازبوو لە سیاسەتی ولاَتەکانی تر. بۆ نمونە سیاسەتی ئینگلتەرا قایلکردنی ولاَتە هاوپەیمانەکان بوو بەوەی کە ئینگلیز دادپەروەرن و شایەنی بردنەوەن و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بێگومان ئەو جەنگە دەبەنەوە. ئەوەی گرنگە لێرەدا رونیکەینەوە پروپاگەندە ئامرازێکی نهێنی ئەو جەنگە بوو، بۆیە لای ئینگلیزەکان بە (جەنگی سیاسی) ناو دەبرا لە کاتێکدا لای ئەڵمانەکان پێی دەوترا (جەنگی رۆشنبیری) و ئەمریکیەکان ناویان نابوو (جەنگی سایکۆلۆژی). گشت لایەنەکان هەوڵیان دەدا لایەنەکانی تر بە خواستی ئەوان پروپاگەندەو رەفتار بنوێنن[8].

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا پڕوپاگەندەی سیاسی بۆ کاریگەری دانان لەسەر جەماوەر وەك دەزگایەکی سیاسی رێکخراو دەرکەوت. لە چارەکی دووەمی هەمان سەدەشدا، پاش سەرکەوتنی لە بواری بازرگانی، وردە وردە ریکلام لە دنیای سیاسەتدا جێی خۆی کردەوە. لە ئامانج و جێبەجێکردنیشدا، هێڵێکی باریك پڕوپاگەندە و ریکلام لە یەکتری جیا دەکاتەوە کە لە کۆتاییدا هەردووکیان بۆ کاریگەری دانان لەسەر تاکەکان بەکار دەبرێن. "پڕوپاگەندەی سیاسی لە رێی گۆڕین یان دەسکاری کردنی تێگەیشتنەوە، هەوڵی دروستکردن یان گۆڕینی رەفتاری ئەو هاولاَتیانە دەدات کە ئاراستەیان دەکرێت."[9] پڕوپاگەندە لە ناوەڕۆکی خۆیدا هەڵگری هەڵوێست و بۆچوونێکە و تێیدا داوا لە جەماوەر یان گرووپێکی دیاریکراو دەکرێت بە پێی ئەوە بجولێتەوە. لە واتایەکی دیکەدا گواستنەوەی زانیاری یەکلایەنەیە و داوا دەکرێت خەڵك قبوڵی بکات. "پڕوپاگەندە هەوڵی گۆڕینی هەڵوێست و دنیابینی مرۆڤەکان دەدات بەڵام ریکلام دەیەوێت کاریگەری لەسەر ئەولەویەتەکانیان دابنێت."[10] لە ریکلام دا ئامانجی سەرەکی بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە و بە شێوەی سەپاندنی زانیاری نییە. بەوجۆرەی کە بەرهەمهێنەری سیاسی لە ریکلامدا باسی کاڵاوخزمەتگوزارییەکەی خۆی بۆ جەماوەر دەکات و لە بەرامبەر ئەوەشدا سەرنج و چاوەڕوانییەکانی خەڵك دەزانێت و دواجار بەرهەمەکەی نوێ دەکاتەوە یان گۆڕانکاری تێدا دەکات.

سەبارەت بە پێناسەی پروپاگەندە، توێژەران ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیە بۆ دانانی پێناسەیەکی تایبەت بۆی، بۆیە -دەیەها پێناسە هەیە کە لەلایەن پسپۆران و شارەزایانی پروپاگەندەوە پێشکەش کراوە کە چەند نمونەیەك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

1- لە پێناسەی (نۆرمان جۆن پاوڵ): پروپاگەندە بریتیە لە بلاَوکردنەوەی ئەو ڕاوبۆچوونەی کار دەکاتە سەر بیرو رەفتار یان هەردووکیان پێکەوە.

2- (کمبلْ یۆنگ) پێی وایە: پروپاگەندە بریتیە لە بەکارهێنانی هێماکان بەشێوەیەکی رێك و پێك و پلان بۆ دانراو و بەهێزکردنی بە تەکنیکی دەرونی بە مەبەستی گۆڕین و پوختەکردنی ڕاوبۆچوون و بەهاکان و لە ئەنجامدا گۆڕینی کردەوە ڕواڵەکیەکان لەڕێگەی چەند هێڵێکەوە کە پێشتر ئامادە کراوە[11].

3- (لیونارد دوب)یش بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: پروپاگەندە هەوڵدانێکی رێکخراوە لە لایەن کەسێك یان کەسانێکەوە بە

8- محمد جودت ناصر: الدعاية والاعلان والعلاقات العامة، سةرضاوةى ثيَشوو، ص36.

9- محمد الحمدانى.د.حازم، الدعاية السياسية بين الماضى و الحاضر، الاردن، دار اسامة للنشر و التوزيع، 2012، ص 33.

10- جمال محمد ابو شنب و د. اشرف محمد خوخه: الدعاية والاعلان، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية , جمهورية مصر العربية 2005، ص79.

11- د. اسماعيل علي اسعد: الاتصال والرأي العام، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية، 1989، ص154.

مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئاراستەکانی تاك و کۆمەڵەکان بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی رەفتارەکانیان[12].

4- پروپاگەندە لە ئینسکلۆپیدیای ئەمریکدا بریتیە لە هەر پەیوەندیەك یان ئامرازێکی رێکخراو یان جوڵەیەکی پلان بۆ دانراو و ئامادەکراو بەمەبەستی ناردن و بڵاوکردنەوەی بنەمایەك یان لێزانینێکی دیاریکراو، لەم روانگەوە پروپاگەندە بایەخ ناردن و بڵاوکردنەوەی بنەماو بیروباوەڕ ولێزانینی پەیوەستە بەم کاروبارانەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئامرازەکانی پروپاگەندەی سیاسی موشەك و نان نییە، بەڵکو وشەو وێنەو گاڵتەجاری و لەم بابەتەیە، ئەوەی دەسەڵاتی پروپاگەندە بەسەر مرۆڤدا جیا دەکاتەوە لە دەسەڵاتەکانی تر کە بە زۆرداری و گەندەڵی و دەستگیرکردنی بە کۆمەڵ دروست دەبێت هۆکەیە نەك مەبەستەکە، چونکە پروپاگەندە پشت بە چەند هێمایەکی دیاریکراو دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو ئەوەش لەرێگەی کارکردن لەسە راوبۆچوونی کۆمەڵگە[13].

پروپاگەندە لای زانای ئەمریکی بواری پروپاگەندە (لسلی جۆن مارتن) بریتیە لە هونەری کارتێکردن لە هەست و هۆشی جەماوەر بەشێوەیەك ئاراستەیان بکات هەڵوێستێکی دیاریکراویان هەبێت بەرامبەر بە کێشەیەکی دیاریکراو، واتا ئەو ئامرازەیە کە فیکرو رەفتاری تاکەکان بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لە قاڵب دەدات، ئەوەی پرۆسەی پروپاگەندە لە پرۆسەکانی دیکەی پەیوەندی جیا دەکاتەوە ئامانج و ئامرازەکەیەتی[14].

ئەوەی شایەنی تێبینی یە پروپاگەندە لە دونیای هاوچەرخدا هەوڵ دەدات رێوشوێنی قسەی نەستەقی کلتوری بگرێتەبەر چونکە کەسی پروپاگەندەکار هەوڵ دەدات جەماوەر تێ بگەیەنێت کە بیرۆکەکانی پەیوەستە بە گەلەوە، بۆیە پروپاگەندەی ئەمریکی (بیل کلینتۆن) نیشان دەدات لە ریستۆرانتەکانی ماکدۆناڵد نان دەخوات و رۆمانی سیخوڕە هەرزان بایی دەخوێنێتەوە، لە پروپاگەندەیێکی تردا (جۆرج بۆش) حەز دەکات ماسی ڕاو بکات، یان (رۆناڵد ریگان) دار دەبڕێتەوە، (جیمی کارتەر) وەك باخەوانێکی سادە خۆی دەر دەخات لە ویلایەتی جۆرجیای ئەمریکی[15].

ئەوەی تێبینی توێژەرە لەسەر چەمکی پروپاگەندە لەسەردەمی نوێدا بریتیە لەهەوڵدانێکی رێکخراو لە لایەن کەسێك یان کەسانێکەوە کە خۆی لەشێوەی دەستەواژەو دروشمی کاریگەرو قسەی نەستەق و وێنەو کاریکاتێرو ڤیدیۆوە نیشاندەدات بۆ دەرخستنی خاڵی بەهێزی پروپاگەندەکارو خستنەڕووی لاوازی پروپاگەندە لەسەرکراو بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئاراستەکانی تاك و کۆمەڵ لە پێناو کۆنترۆڵکردنی رەفتارەکانیان دەخرێتەڕوو. هەروەها جیاوازییەکی تەواو لەنێوان پروپاگەندەو ریکلامدا هەیە، بەجۆرێك پروپاگەندە بەشێوەیەکی گشتی دەچێتە چوارچێوەی کارکردن لەسەر گۆڕینی بیروبۆچوون و ئایدۆلۆجیای وەرگر لەسەر مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دەشێ راست یان ناڕاست بێت، بەڵام ریکلام بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر هزری وەرگر یان کڕیار دەکات بۆ بازار پەیداکردن بۆ کاڵاکان و مەرجە پەیامەکانی راستگۆبن.

12- عصام فاهم جواد : الدعاية الإيرانية والدعاية الإسرائيلية، بغداد، دار الحرية للطباعة، 1987، ص212.

13 -Encarta Reference Library 2003 ''CD'' 2003, Propaganda .

14- لندلي فريزر: الدعاية السياسية واثرها على مستقبل العالم، ترجمة عبد السلام شحاتة، سلسلة الفكر العالمي، القاهرة، دار النصر للطباعة والنشر والاعلان، 1960، ص5.

15 -The New Encyclopedia Britannia "CD" 2003, Propaganda .

**2-1-1: سودەکانی پروپاگەندە لەکاتی ململانێکاندا**

پروپاگەندە یەکێکە لە ئاستەکانی مامەڵەکردنی دەروونی کە لە مێژەوە ناسراوە و هۆکارو ڕێگەی جۆراوجۆری تێدا بەکار هاتووە، هەر بۆ ئەو مەبەستە (کڵێسەی کاسۆلیکی) لە سەدەی حەڤدەیەمدا لەژێر هەمان ناونیشان بەکاری هێناوە. ئەم ئاستی مامەڵەکردنی دەرونیە ئاستێکی سەربەخۆیە لە (جەنگی دەرونی) لە ڕووی پیشەو یاساو ئامرازەوە، بەلاّم ئەگەر چاو بە مێژووی ئەم جەنگەدا بخشێنینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە زیاتر چەکی پروپاگەندەی تێدا بەکار هاتووە[16]. هۆکاری بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پروپاگەندە تایبەتمەندی (دەستاودەست دەگوازرێتەوە و ئاسانترە لە ئامرازەکانی دیکە)[17]، وەك تاقیکردنەوەکان دەریان خستوە پروپاگەندە (دەتوانێت لەکاتی قەیرانەکاندا ڕێژەیەکی زۆری مرۆڤەکان لە گۆشەیەکی نەخواستراوەوە بگوازێتەوە بۆ ئەوپەری گۆشە خواستراوەکان)[18]. لەبەر ئەوەی پروپاگەندە بەکار دێت بۆ جەنگی دەروونی بەر لە دەستپێکردنی جەنگ و بەشێوەیەکی کەمتریش لە ناوەڕاستی جەنگەکەدا، بۆیە بەکارهێنانەکەی پەوەیستە بە سەرکەوتنی جەنگەکەوە.

گەشتن بە ئامانجی خواستراو واتا قایلکردنی دوژمن بەوەی کە بەرەو شکستهێنان دەچێت پەیوەستە بە ڕاستگۆیی ناوەرۆکی پروپاگەندەکە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە پەیوەستە بەو بابەتانەی تیایدا هاتووە تاکو چەند شیاوە بۆ بەکارهێنان.

یەکێکی تر لە سوودەکانی پروپاگەندە بریتیە لە بەهێزکردنی بەرگری ناوخۆیی دژ بە هێرشە دەرونیە دەرەکیەکان واتا لێرەدا پروپاگەندە بۆ مەبەستی بەرگری بەکار دێت و پێی دەوترێت (پروپاگەندەی بەرهەڵستی) ئەم جۆرە پروپاگەندەیە بەوە وەسف دەکرێت کە ململانێ دەکات دژ بە هەوڵەکانی دوژمن و بۆ پێکانی ئەمانجەکانی، کە پشت بەڕاڤەکردنی پروپاگەندەی دوژمن دەبەستێت و پارچەکانی پروپاگەندەکەی دەستنیشان دەکات و دواتر تایبەتمەندی هێما و دەستەواژەکانی دوور دەخاتەوە و ئامانجە سیاسیەکەی وەردەگرێت و کار دەکات لەسەر ڕووبەڕوبونەوەو لەناوبردنی[19].

ئەم جۆرە پروپاگەندەیە زۆر گرنگە (چونکە گشت بەردەستەکانی وەك تێگەشتنی دەرونی و کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری بەکار دەهێنێت لە پێناو بەرزکردنەوەی ورەی گەل)[20].

پروپاگەندە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و چالاککردنی سیاسەت پەنا بۆ بەکارهێنانی وێنەو ئەندێشەو هێمای کۆمەلاّیەتی و ئەفسانەیی دەبات، بۆ نمونە لەکاتی جەنگی کەنداودا لەساڵی 2003 کە کۆتایی جەنگەکە بەڕووخانی ڕژێمی بەعس لەعیراق کۆتایی هات، ڕاگەیاندنی عیراقی فیلمێکی ڤیدیۆیی بلاّوکردەوە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی گەل کە تیایدا سەرۆکی عێراق دەربارەی جەنگی کەنداو لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکان کۆبونەوە دەکات و لە کۆبونەوەکەدا جەخت لەسەر سووربون لەسەر بردنەوەی جەنگەکە دەکات. یان سەرۆکی عیراقی پیشاندەدا کە لەناو جەماوەردایەو بەشێوەیەکی ئاسایی بێ ترس بەدڵخۆشی لەناو بەغدای

16- وليد سليم الكيلاني: الحرب النفسية بين الكلمة والطلقة، عمان، مديرية التوجيه المعنوي، 1975، ص40.

17- جمال السيد: اضواء على الحرب النفسية، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1972، ص120.

18- جان ماری دوميناك: الدعاية السياسية، ترجمة جلال فاروق الشريف، دمشق، منشورات دار الصحافة، 1965، ص181.

19- كرم شبلي: الراديو والتلفزيون في الحرب النفسية، بغداد، بلا دار نشر، 1973، ص35.

20- د. متعب جاسم مناف: القاعدة النفسية والاجتماعية للاتصال الاعلامي، مجلة كلية الاداب بجامعة بغداد، العدد (24) كانون الثاني، 1979، ص44.

پایتەختدا دەگەڕێت وەك ئاماژەیەك بۆ سەرکەوتن و دەرخستنی لاوازی ئەمریکییەکان. هەر لەو جەنگەدا وەزیری راگەیاندنی عیراق ( محەمەد سەعید صحاف ) زوو زوو لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەردەکەوت و کۆنگرەی رۆژنامەوانی رێکدەخست بۆ میدیاکان و باسی لەسەرکەوتنەکانی هێزی سەربازی عیراق دەکرد لەکاتێکدا هێزەکە تەفروتونابوو بوون.

پوختەی باسەکە وەك مێژوو دەیگێڕێتەوە بەشێوەیەکی سەرەکی لەکاتی جەنگدا وەك چەکێك بەکارهاتووە لە چەکەکانی جەنگی دەرونی و تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو کاتەکاندا ئامانجەکانی هاوشێوەبوون، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بابەتەش نوسراوە مێژوویەکان باشترین سەرچاوەن.

نمونەی نووسەرانی ئامانجی پروپاگەندە توێژەر ( هارولد لاسوێل ) دەڵێت ( پروپاگەندە ئەم ئامانجانە لەخۆ دەگرێت[21] :

1. زۆرکردنی ڕقەبەرایەتی دژ بە دووژمن.
2. پاراستنی هاورێتییە لەگەڵ هاوپەیمانان‌دا.
3. بەدەستهێنانی هاورێیەتی وڵاتە لایەنگرەکان و بەدەستهێنانی یارمەتیان.
4. تێکشکاندنی ورەی دوژمن.

## 2-2 : جۆرو شێوازەکانی پروپاگەندەو بنەماکانی بونیادنانی

پروپاگەندە هەوڵدانێکی ئامادەکراوە لە لایەن کەسێك یان کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تر بەمەبەستی گۆرینی کۆمەڵەی دووەم یان کۆنترۆڵکردنە لەرێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیەوە، واتا وایان لێ دەکات کاردانەوەیان هاوشێوە بێت لەگەڵ ئارەزووەکانی خاوەن پروپاگەندەکە[22]. ئەم هەوڵدانانە بەچەند جۆرێك ئاڕاستە دەکرێت.

پروپاگەندە لەڕووی ناوەڕۆکەوە دابەش دەبێت بەسەر ئەم جۆرانەدا :

- دابەشبوونی یەکەم: پروپاگەندەی روون–پروپاگەندەی شاراوە.
- دابەشبوونی دووەم: پروپاگەندەی تەکنیکی–پروپاگەندەی ستراتیجی.
- دابەشبوونی سێ یەم: پروپاگەندەی هێرشبردن–پروپاگەندەی بەرهەڵستی.
- دابەشبوونی چوارەم: پروپاگەندەی تاکەکەسی–پروپاگەندەی بەکۆمەڵ.
- دابەشبوونی پێنجەم: پروپاگەندەی راستەوخۆ–پروپاگەندەی نا راستەوخۆ.
- دابەشبوونی شەشەم: پروپاگەندەی سپی–پروپاگەندەی رەش–پروپاگەندەی خۆڵەمێشی.
- دابەشبوونی حەوتەم: پروپاگەندەی هەژان–پروپاگەندەی دیموکراسی.

### 1-2-2 : شێوازەکانی پروپاگەندە

ئەو شێوازو رێگایانەی کە بەهۆیانەوە کاریگەری لەسەر رایگشتی ئەو کەس و لایەن و گروپانە دادەنێن کە بابەتی پروپاگەندەیان

---

[21] – Harold Lasswell: Propaganda techniques in world war, Cambridge, Mass M.I.T. Press, 1971, P. 195.

[22] – عبدالاله مصطفى الخزرجي: تحليل لغة الدعاية، بغداد، توزيع مكتبة الشروق الجديد، 1984، ص13.

لەڕێیانەوە ئاراستە دەکرێت، جۆراوجۆرن، لێرەدا ئەو جۆرانەی کەسەرچاوەکان بەگشتی ئاماژەیان پێداون دەخەینەڕوو:[23]

1- **شێوازی نوکتە** : نوکتەو قسەی خۆش کاریگەری گەورە لەسەر رایگشتی و تایبەت دروستدەکات بەتایبەت لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە حەزیان لەنوکتەیە، هەربۆیە هەندێکجار نوکتەیەك کاریگەری زۆر زیاتر لەچەندین بەرنامەی تەلەفزیۆن و وتارو گفتوگۆکان دروست دەکات لەسەر رایگشتی، لەبەر ئەوەی نوکتە وەك پروپاگەندەی سیاسی پشتی پێدەبەسترێت. وەك ئەوەی لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی ساڵی 2014 دا قسەی تەنزئامێزو نوکتە لەسەر کەسایەتی کاندید و ژمارەی لیست و ڕەنگەکانیان نوکتەیەکی زۆر باو بوون. بۆ نمونە هەندێك کاندید کەسانی هونەرمەند و وەرزشکاربوون، نوکتەی ئەوەیان لەسەر دەکرا کە دەرچن بەردەوام کۆنسێرتی گۆرانی ئەنجامدەدەن بۆ دڵخۆشکردنی خەڵك.

2- **دووبارەبوونەوە**: دووبارەبوونەوەی پروپاگەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لەشێوازەکانی جێگیرکردنی بابەت و زانیار پروپاگەندە لە هەست و بیری تاك و کۆمەڵدا. بەم هۆیەوە لایەنی پروپاگەندەکار هەمیشە پشت دەبەستێت دووبارەبوونەوەی بابەتی پروپاگەندە بۆ چەند جارو ماوەی زۆرو هەروەها بەڕێگای جۆراوجۆری ئامرازەکانی پروپاگەندەکردن. نمونەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014 وەك بلاوکردنەوەی دروشمەکانی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك لەچەند شوێن و لەکاتی جیاوازو بۆنەکاندا، کە لەڕاستیدا هەموو دروشمەکان پروپاگەندەبوون.

3- **ئاین**: پشت بەستن بەم شێوازە زۆر کاریگەرە، چونکە کار لەسەر ناخی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات لەسەر ئەو بیرو باوەڕە دینیانەی کە لەسەر مەسەلەکانی ژیان هەیانە، هەربۆیە لایەنی پروپاگەندەکار هەوڵدەدات لە وەتەری بابەتە هەستیارە دینییەکانی خەڵك بدات و توڕەیان بکات بەرامبەر لایەنی دژ و دوژمن. وەك ئەوەی لەململانێکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 2009 لایەنەکانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر یەکدی بەکاریانهێناو هەندێك لایەن پروپاگەندەی بێباوەڕی و بێ دینییان دەدایە پاڵ بزوتنەوەی گۆڕان.

4- **دروشمەکان** : هەندێك دەستەواژەو دروشمی سادەن کە لەلایەن سەرۆك و سەرکردەکانەوە لەچالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریان دەهێنن و جەماوەر دووبارەی دەکەنەوەو دەیڵێنەوەو هەندێك جاریش ئەم دەستەواژانە لەناو هۆنراوەو سرود گۆرانییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە.

5- **تاقیکردنەوەی هەستی رایگشتی**: لەڕێگەی واتەواتەوە هەوڵدەدرێت هەستی رایگشتی تاقیبکرێتەوە بەرامبەر بابەتی پروپاگەندە، هەربۆیە لایەنی پروپاگەندەکار مەسەلەیەك دەوروژێنێت و لەناو خەڵکدا بلاویدەکاتەوە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی رایگشتی لەسەر بابەتەکە، خۆئەگەر سەرکەوتنی بەدەستهێنا ئەوا دووبارەی دەکاتەوەو زیاتر کاری لەسەر

[23] http://www.ibtesamh.com/showthread-t_313697.html-&

http://www.sasapost.com/propaganda-stratigies/2015-12-6

دەکات. ئەگەر واتەواتەکەش نەبووە جێی سەرنجی رایگشتی ئەوا شێوازەکەی دەگۆڕێت.

6-وێنەی کاریکاتێری: لەڕێی چەند وێنەیەکی کاریکاتێریەوە دەتوانرێت کاریگەری لەسەر رایگشتی دروستبکرێت و هەست و مێشکی تاک بجوڵێنرێت بەو جۆرەی کە پروپاگەندەکار مەبەستیەتی، رێگایەکی کورتە بۆ پروپاگەندە بەڵام کاریگەرییەکی قوڵ و بەهێز جێدەهێڵێت.

7-**شێوازی رەتکردنەوەو نکۆڵیکردن:** خستنەڕووی پروپاگەندە بەزمانی نکۆڵیکردنی بابەتەکان بەجۆرێك وا لەمرۆڤەکان دەکات بەرامبەر زانینی راستیەکان هەڵوەستە بکات و باوەڕ بەراستییەکان نەکات. وەك ئەو راستییەی کە لەئێستادا مەسەلەی نەبوونی پارەو مووچە لەناو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، کە ئایا باوەڕی تەواوی هەبێت کە پارە نیە یان نا. چونکە حکومەت هەندێك بابەتی پروپاگەندە دەخاتە ناو خەڵك وەك ئەوەی داهاتی نەوت کەمەو بەشی مووچە ناکات.

8-**دروستکردنی دوژمنی وەهمی بۆ نەتەوە:** ئەم شێوازە سەردەمیانەیەو لایەنی پروپاگەندەکار پەنای بۆ دەبات بەمەبەستی دروستکردنی دوژمنێکی وەهمی لەبیرو هۆشی نەتەوەدا، ئەم شێوازە زیاتر دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان پشتی پێدەبەستن و دەیانەوێت هەمیشە لەبەرچاوی خەڵك دوژمنێك هەبێت کەمەترسی هەیە بۆ سەر ژیانیان، ئەمەش بەمەبەستی بەلارێدابردنی مەسەلە چارەنووسسازو گرنگەکانی ژیانی خەڵك.

9-**شێوازی زانستی:** هەندێك پروپاگەندەکار دەیەوێت لەڕێی کەسانی زاناو شارەزاوە بەشێوازی قسەی فەلسەفیانەوە سەرنجی خەڵك رابکێشێت بۆ بابەتی پروپاگەندەو بەسنگ فراوانی باوەڕی پێبهێنن لەبەرئەوەی کەسەکە زاناو تێگەیشتووە.

10- **شێوازی داگیرکاری:** پروپاگەندەکار هەوڵدەدات لەڕێی داگیرکردنی بیرو فکری بەرامبەرەوە بەباوەڕهێنانی بۆ ئایدۆلۆجیاو شێوازی بیرکردنەوەی خۆی کار بکات بەبێ ئەوەی لایەنی بەرامبەر هیچ دژایەتیەکی بکات و راکانی بەهەندوەربگرێت، چونکە باوەڕو بیروبۆچوونەکانی پروپاگەندەکار بڕاوەیەو جێی گفتوگۆنین. ئەم شێوازە زیاتر پشت دەبەستن بەبابەتە ئاینی و ئایدۆلۆجیە نەگۆڕەکانەوە.

### 2-2-2: پرۆسەی پروپاگەندە لەسەر سێ بنەما بونیاد دەنرێت:[24]

**بنەمای یەکەم:**

بریتیە لە ئایدۆلۆجیا یان بیرۆکەیەکی روون و ئاشکرا کە هەوڵ دەدات تێکەڵی خودی کەسی مەبەست بێت.

**بنەمای دووەم:**

بریتیە لە ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی ئەو بیرۆکە یان ئایدۆلۆجیایە ئەگەر بەش بەشیش بێت.

**بنەمای سێیەم:**

بریتیە لە بەدەستهێنانی گۆرانکاری لە هەڵویستێکی دیاریکراو یان وەڵامدانەوەیەکە، کە بێ ئەو پروپاگەندە بەدەست نەدەهێنرا.

ئەم سێ بنەمایەی لای سەرەوە مەرجە لە هەموو پروپاگەندەیەکدا بوونیان هەبێت، هەرچەندە بنەمای سێیەم بە چەند قۆناغێکی

[24] عبدالسلام احمد السامر: اساليب الدعاية الامريكية في العراق، مجلة الباحث الاعلامي، عدد(28)، 2015، ص30.

دیاریكراودا تێ دەپەڕێت، لەوەش زیاتر هەندێك یاسای گشتی بەسەردا جێ بەجێ دەكرێت بۆ ئەوەی ئامانجی خواستراو بەدەست بهێنێت. زۆربەی پسپۆرانی بواری پروپاگەندە كۆكن لەسەر ئەوەی بنەمای سێیەم بە شەش قۆناغدا تێ دەپەڕێت كە ئەمانەن : [لهير]

1- قۆناغی وروژاندنی كێشەكە.

2- قۆناغی خۆئامادەكردن بۆ كامپینی پروپاگەندەكە.

3- قۆناغی هێرشكردنی راستەوخۆ.

4- قۆناغی لاوازكردنی بەرامبەر.

5- قۆناغی گەورەكردنی ئەنجامەكان.

6- قۆناغی سوود وەرگرتن و خستەگەڕی ئەنجامە ئەرێنییەكان بۆ بەدەستهێنانی رایگشتی دوژمن یان قایلكردنی بە بێ لایەن بوون.

سەركەوتنی پروپاگەندە پشت بە لیكۆڵینەوەكانی سایكۆلۆژیای جەماوەر دەبەستێت چونكە یارمەتی دەدات مامەڵە لەگەڵ ئامادەبوونی دەروونی و بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیا و هەستەكانی بەرامبەر بكات وخۆی بگونجێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین ژمارە بۆلای خۆی راكێشێت. پروپاگەندەی ئامانجدار ئەو كات و ساتە هەڵ دەبژێرێت كە سایكۆلۆژیای بەرامبەر ئامادەیە بۆ وەرگرتن، مەبەست لە ئامادەبوون بریتیە لە كاتی گونجاو بابەتی وروژێنەر و شوێنی ئیستراتیجی وەك سەركەوتنێكی دیاریكراو یان دۆزینەوەیەكی زانستی یان كردنەوەی پرۆژەیەكی گەورە و دواتر رازاندنەوەی بە پۆشاكی پروپاگەندە بەمەبەستی راكێشانی جەماوەر بۆلای خۆی.

### 3-2-2: بنەما گشتییەكانی پروپاگەندە [لهير]:

1. <u>بنەمای ئاسانكردن:</u> مەرجە پروپاگەندە پێك هاتبێت لە چەند قۆناغێكی بەدوا یەكی دیاریكراوی روون و ئاشكرا و ئاسان بۆ تێگەیشتن و هەڵگری بابەتێكی ئاسان بێت.

2. <u>بنەمای رێكوپێك كردنی پەیامی پروپاگەندەكە:</u> واتا دووركەوتنەوە لە دژیەكی ناوەرۆكی بابەتەكە بەشێوەیەك ناحەز نەتوانێت خاڵی لاوازی لێ بگرێت. لە هەمان كاتدا مەرجە پەیامی پروپاگەندە گونجاو بێت لەگەڵ واقیعی ئەو لایەنەی پروپاگەندەكەی بۆ ئاراستە دەكرێت.

3. <u>پسپۆری لە پروپاگەندەكەدا:</u> واتا پێویستە هەموو پروپاگەندەیەك بەشێوەیەك ئامادە بكرێت كە گونجاو بێت لەگەڵ هۆكارو ئامرازی گواستنەوەی پروپاگەندەكە بۆ جەماوەر. بۆ نمونە پروپاگەندە لە رێگەی هۆكارەكانی راگەیاندنی بینراوەوە جیاوازە لە پروپاگەندەیەك كە لە رێگەی هۆكارەكانی راگەیاندنی بیستنەوە پەخش دەكرێت.

4. <u>هەمەجۆری ئامرازەكانی پەیوەندی:</u> بۆ ئەوەی پروپاگەندە ئامانجی خۆی بەشێوەیەكی تەواو بپێكێت، ئەوا پێویستە پروپاگەندەكە لە گشت ئامرازەكان پەیوەندیكردندا بلاو بكرێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە گشت چینەكانی ڕای گشتی.

5. <u>دەستپێكردن لە هەڵوێستێكی بەدەستهێنراوەوە:</u> واتا مەرجە پروپاگەندە لە گۆڕەپانێكی هەبووەوە دەست پێ بكات چ ئەو گۆڕەپانە

---

[25] جمال محمد ابو شنب و د. اشرف محمد خوخه : الدعاية والاعلان، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية , جمهورية مصر العربية 2005، ص61.

26- رفيق سكري : دراسة في الرأي العام والإعلام والدعاية ، طرابلس ، جروس برس ، 1991 ص81-82.

بیرۆکەی ئامادەکراوی باو بێت یان تەنها ئەفسانەیەکی نیشتیمانی بێت.

بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانین و دیدگاکانی هەڵوێستەکانی مرۆڤ کە رەفتاری لێ پەیدا دەبێت لە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەری دەروونی - زەینی و دەرەکی ژیانی تاك دایە. پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ کەسانی دیکە لەگەڵ پاشخانی زەینی و بیرکردنەوە و ئەولەویەتەکانی، زەمینەی دروستبوونی دیدگاکەی فەراهەم دەکەن و ئەویش کاریگەریی لەسەر ئەو رەفتارانە هەیە کە ئەنجامیان دەدات. بەگوێرەی شارەزایانی دەروونزانی "هەڵوێستی مرۆڤ لە سێ رەگەزی سەرەکی سۆز، زانیاری و رەفتار پێکهاتووە". ئەمەش بەو واتایە دێت کە مرۆڤەکان بە پێی بابەتەکان و بە پێی ئەزموون و پەیوەندییەکانی خۆیان بارێکی سۆزداری لەو بابەت و رووداوانەی دەرووبەریان دەنیێن کە پێیان دەگات. ئەو بابەتەی کە لای تاك هەڵگری بارێکی سۆزداری پۆزەتیڤ بێت دەتوانێت سەرنجی تاك رابکێشێت و کاریگەری لەسەر دابنێت. بەهەمانشێوە زانیاریش دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە دروستکردن و گۆڕینی تێڕوانینی مرۆڤەکان. هەندێك لە شارەزایانیش جەخت لەوە دەکەن کە "سێ فاکتەری زانیاری، سۆز و دیدگا کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی رەفتاری مرۆڤ هەیە."[27] بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە پەیوەندییەکی دوو لایەنە لە نێوان رەفتار و تێڕوانین دا هەیە. کۆ وتەی باسەکە ئەوەیە پروپاگەندە ناکرێت لە هیچەوە پەیدا بێت و بڵاو بێتەوە.

## 2-3: پروپاگەندەی سیاسی و بنەماکانی ڕاڤەکردن و تەکنیکەکانی

لەم سەردەمەدا گرنگی پروپاگەندەی سیاسی بەردەوام لە زیادبووندایە و هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین فاکتەر وەك زیادبوونی ژمارەی هۆکارەکانی پەیوەندی و ئامرازەکانی، یان بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی جیهانەوە کە لە ئەنجامی ئەو زیادبوونەدا بەکارهێنانی ئامرازەکانیش زیاد دەکات، هەروەها پێشکەوتنی دیموکراسی و مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی وڵاتان و کێبرکێ و ململانێی پارتە سیاسیەکان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، ئەمە جگە لە ململانێی ئایدۆلۆجی کە لە ئەزەلەوە بوونی هەیە لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەروەها دەرکەوتنی کۆمەڵەی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان و هەوڵدانی وڵاتە زلهێزەکان بۆ بەدەستهێنانی لایەنگیریان. دیارە پروپاگەندەی سیاسی پێنج تایبەتمەندی هەیە کە ئەمانەن:[28]

1- بیروبۆچوون.
2- بەڵگەیەك بۆ پشت ڕاستکردنی بیروبۆچوونەکە.
3- زمانێك بۆ نمایشکردنی بیروبۆچوونەکە.
4- کۆمەڵەیەك کە بابەتەکەیان ئاراستە بکرێت بۆ خستنەڕووی بیروبۆچوونەکە.
5- ئامرازێکی بەسوود بۆ گواستنەوەی بیروبۆچوونەکە کە چالاك بێت.

مەیدانی پروپاگەندەی سیاسی دەوڵەمەندە بە تاقیکردنەوەی جیهانی، ئێمە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین:

### 2-3-1: پروپاگەندەی شیوعی

27- كاتم مارتا، ديتز بث، اولر مسترز النا، ثرستون توماس، مقدمه اي بر روان شناسي سياسي، ترجمة د.سيد كمال خرازي، د.جواد علاقبند راد، مركز نشر دانشطاهي، تهران،ضاث قنبري، 1386،ص61-91.

28عبدالسـام احمد السـامر: الدعاية الدولية (النشاط الدعائي الامريكي في العراق)، بغداد، كلية الاعلام، 2011، ص98.

پروپاگەندەی شیوعی لەسەر بناغەی تیڕوانینێکی فەلسەفیانەی دیاریکراو بونیات دەنرێت کە لە بیروڕای مارکسی لینینەوە سەرچاوە وەردەگرێت. بە پێی ئەم بیروڕایە ململانێی ئایدۆلۆژیا بەشێکی بنەچەیە لە ململانێی چینایەتییەوە لە ئەنجامی ئەم ململانێیەوە چینەکانی کۆمەڵگا سەربەخۆ دەبن لەیەك و هەر چینێك دەبێتە خاوەن بەرژەوەندی و ئامانجی سیاسی و ئابوری خۆی.

دەربارەی ئەم جۆرە لەپروپاگەندە (هارۆلد لاسوێل) دەڵێت: "ئامانجی ئەم پروپاگەندەیە بریتی بوو لە دەستگرتن بەسەر جیهاندا بە کەمترین نرخ"[29]. لێرەدا گرنگی و پێویستی پروپاگەندەی سیاسی دێتەکایەوە چونکە لەرێگەی ئەم جۆرە پروپاگەندەیەوە حیزبی شیوعی دەتوانێت سەرکەوتنەکانی بەسەر چینی بۆرجوازی (چینی ناوەندی گەل) بەدەست بهێنێت کە زۆرینەی ئەم چینە چینی کرێکارە و دڵسۆزی ئەم چینە گەورەیە سەرکەوتنێکی گەورەیە.

هەربۆیە لینین هەمیشە پێیدەوتن: "ئەوەی گرنگە لە جوڵەو پروپاگەندەی شیوعیەکان گرتنەوەی گشت چینەکانە بۆ ئەوەی بتوانن حزبێکی رێکوپێك بونیاتبنێن و لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی شیوعیەت لە هەموو شوێنێت هەبێت"[30]. لە بەرامبەردا ستالین پێناسەی پێشەوایی سیاسی دەکات بەوەی کە بریتیە لەقایلکردنی جەماوەر بە راستگۆیی سیاسیەتی حیزب و لەم پرۆسەدا پروپاگەندە زۆرترین رۆڵی پێویست دەبینێت بۆ سەرکەوتنی حزب.

ئەوەی شایەنی باسە سەردەمی چەکی ئەتۆم یەکێتی سۆفێتی ناچار کرد کە رێگەی دیکە بگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەك (هێنانەڕیز و قایلکردن و پروپاگەندە) لەبری بەکارهێنانی هێزی سەربازی. شیوعیەکان دوو ئامرازی گشتی بەکار دەهێنن بۆ ئامادەکردنی جەماوەر بۆ نواندنی رۆڵی شۆرشگێرانە کە ئەوانیش بریتین:

لە ئیدانەکردنی سیاسی و دروشمی ئەو قۆناغە بۆیە لینین داوای لە سۆشیالیزمە دیموکرات خوازەکان کرد ئیدانەکردنی سیاسی بەشێوەیەکی رێکوپێك گشت مەیدانەکان بگرێتەوە. ئامانجی لینین لەم داواکاریە ئاشکراکردنی هەڵەکانی چینی دەسەڵاتداری سەرمایەداربوو بۆ جەماوەر. بۆ ئەو مەبەستە لینین نووسی "پێویستە ئێمە ئەو ئابڕوچونە سیاسیانەی پەیوەستن بە گەلەوە بخەینەڕوو، لەوەش زیاتر کارێك دەکەین لە رێگەی پروپاگەندەوە ئەوەی شەرمەزاریە زیاتر شەرمەزاری بکەین"[31].

تاقیکردنەوەی سۆفێتی لە بواری پروپاگەندەدا تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندە بە وانە و پەند لێوەرگرتن، چونکە یەکەم تاقیکردنەوەبوو توانی رێکخستنێکی گشتگیر بۆ پروپاگەندە دروست بکات.

بەرێوەبردنی چالاکیەکانی پروپاگەندە لە رێگەی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی سۆڤێتەوە دەکرا، بۆیە ئیدارەی پروپاگەندە یەکێك بوو لە حەوت ئیدارەکانی لیژنەی ناوەندی حیزبەکە.کاری ئەم ئیدارەیە دارشتنی هەنگاوە سەرەتاییەکانی سیاسەتی پروپاگەندە نەبوون، بەڵکو کۆکردنەوەی زانیاری و راڤەکردنی بوو بۆ ئەوەی دواتر لیژنەی ناوەند لەسەر بناغەی ئەو زانیاریانە بڕیار بدات. پاشان لیژنەکە روونکردنەوەی لەسەر بڕیارەکان دەداو لە رێگەی لقەکانی حیزبەکەوە دابەشی دەکرد بەسەر ناوچەکاندا بۆ ئەوەی ئیدارەی ناوەندی دڵنیا بێت لە بەرێوەچوونی کاروبارەکان بە باشترین شێواز.

---

29- د . احمد بدر : الإعلام الدولي ـ دراسات في الاتصال والدعاية الدولية ، القاهرة، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع ، 1998، الطبعة الرابعة، ص271.

30- رفيق سكري: دراسة في الرأي العام والاعلام، سەرضاوةى ثَيشوو، ص105.

31 -http://englishrussia.com/2011/01/27/art-of-soviet-propaganda/.2016/9/9 لة

پروپاگەندەی یەکێتی سۆڤێت لە ڕێگەی ئەزمونەکەیەوە دەریخست کە ئەزمونێکی ژیرانەبوو چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی عەقڵ و هۆش مەنتیق دەکرا و تا ڕادەیەکی زۆر دووربوو لە ئاواختن لەگەڵ هەست و سۆز و ئارەزو. بۆیە شیوعیەکان بەهۆی ئەم جۆرە پروپاگەندانەوە توانیان چەندین سەرکەوتن لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بەدەست بهێنن.

### 2-3-2: پروپاگەندەی نازی

پروپاگەندەی ئەڵمانی لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا لێهاتووی پێویستی پێوە دیار نەبوو چونکە لە لایەن کەسانێکەوە سەرپەرشتیاری دەکرا ئەزمونێکی کەمیان هەبوو لە هونەری پروپاگەندەدا، ئەوەش وای کرد لەڕووی کارکردن لەسەر دوژمن وبەدەستهێنانی پشتگیری وڵاتە بێ لایەنەکان شکست بخواتەوە. شکستخواردنی ئەڵمانیا لە جەنگی پروپاگەندەی ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر بایەخدان بە پروپاگەندە دوای تەواوبوونی جەنگەکە.

ڕەنگە هەر ئەو شکست خواردنە هۆکاری خۆئامادەکردنی هیتلەر بێت لە ماوەی دواتردا. یەکەم وانە کە لێرەدا جەختی لەسەر دەکرایەوە ئەوەبوو کە پروپاگەندە هیچ بایەخێکی نەبوو، چونکە چالاکیەکانی دووربوو لە هەوڵدانە سەربازی و دیپلۆماسی و ئابوریەکانەوە، جگە لە ونبوونی ڕۆحیەتی یارمەتیدان لەنێوان ئەو کۆمەڵانەی کاریان لە بواری پروپاگەندە کردندا دەکرد، بۆیە دەبینین خودی پروپاگەندە لەسەر بناغەیەکی سست بونیاتنرابوو بەشێوەیەك شیاو نەبوو بۆ هەنگاونان لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا.

دواتر هیتلەر لەسەر ئەو باسە نووسی: "پروپاگەندە چەکێکی مەترسیدارە بەدەست داناکانەوە و تەنها سەرکردەی دانا دەزانێت چی بەسوودە بۆ جەماوەر و هەر خۆی ئامادەیە بۆ فێرکردنیان"[32].

پروپاگەندەی نازی هەوڵیداوە سوود لەو پاڵنەرە سەرەکیانە ببینێت کە گرنگن لە ژیانی مرۆڤدا وەك:

- پاڵنەری دایکانە.
- پاڵنەری تونێتی (واتا پێویستی بۆ ئاو).
- پاڵنەری برسێتی (واتا پێویستی بۆ خواردن).
- پاڵنەری سێکس (واتا پێویستی بۆ سێکس).
- پاڵنەری ڕا پرسی (واتا پێویستی بۆ زانین).

نوسینەکانی هەریەك لە (هیتلەر و گۆبلز) کە دامەزرێنەری پروپاگەندەی نازین ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە لێکدانەوەی بنەماکانی پروپاگەندە. هیتلەر دەڵێت "ڕایگشتی پێویستی بە ئەزمونی تاکەکەسی یان ناسینی تاکەکان نییە، چونکە ئەو بێ ئەوەی ئاگای لەخۆ بێت کار تێکراو دەبێت بەو پڕوپاگەندەیەی دەیجوڵێنێت. ڕۆژنامەش تەنها ئاراستەکارە و بەرپرسە لە دروستکردنی جەماوەری سیاسی لەڕێگەی ئەو بڵاوکراوانەی لە هەواڵەکاندا بڵاوی دەکاتەوە، واتا ئەو قوتابخانەیە کە زانستی ڕۆژانەی لێ وەر دەگیرێت". لە بەرامبەردا گۆبلز دەڵێت: "پروپاگەندە کاریگەرترین چەکە بۆ گەشتن بە دەسەڵات و هەمیشە وەك گرنگترین چەك دەمێنێتەوە بۆ بونیاتنان و ڕاگرتنی دەوڵەت"[33].

---

[32]- د. احمد بدر: الاعلام الدولي دراسات في الاتصال والدعاية الدولية، هةمان سةرضاوةى ثَيشوو، ص254.

[33]- جان وليام لابيار: السلطة السياسية، ترجمة الياس حنا الياس، بيروت، منشورات عبيدات، 1983، الطبعة الثالثة،ص137.

ئەو سەرکەوتنە پراکتیکیەی کە هیتلەر بەدەستی هێنا لە پروپاگەندە دەگەڕێتەوە بۆ بڕوای هیتلەر بۆگرنگی ڕێکخستن لە نێوان کردار و گوفتارەکان، بۆیە کاتێك لە بەرلین ساڵی 1930 فلیمی (ئارامی لە بەشی رۆژئاواوە) نمایشکرا، نازییەکان تەنها لە ڕێگەی رۆژنامەکانەوە هێرشیان نەکردە سەری بەڵکو گۆبلز لە رۆژی دووەمدا پەنجەرەی تیکت فرۆشتنی تەرخانکرد بۆ گروپێکی سەر بەحیزبی نازی کاتێك چوونە ناو هۆڵی نمایشکردنەکە و ژمارەیەکی زۆر مشکی سپیان بەناو هۆڵەکەدا بلاۆکردووە و دواتریش چەند بۆمبێکیان تەقاند. رۆژی دواتر حوکمەت بە بیانوی ڕاگرتنی خۆپێشاندان نمایشکردنی فلیمەکەی راگرت. ئەم تێگەشتنەی پەیوەندی پروپاگەندە و کردار- یاخود گوفتار و رەفتار – تەنانەت لە سەرەتاکانی بزوتنەوەی نازیدا دەرکەوتبوو. بۆ نمونە هیتلەر فرمانی بە گەنجە مێردمنداڵەکان دەکرد کە پۆشاکی نازی بپۆشن و بچنە گەڕەکە مارکسیەکان و دەنگە دەنگ و شەڕ دروست بکەن بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی ڕابکێشن بۆ بزوتنەوەکەیان، بۆ بەرزکردنەوەی ورەیان هێتلەر بەناو خەڵکیدا دروشمی بلاۆدەکردەوە کە قوربانیەکانی ئەو ململانێیە قوربانییەکانی دۆزی ئەڵمانیای گەورەن.[34]

یەکپۆشی و پروپاگەندە و دروشم و فیرقە مۆسیقیەکان بەشێکی دانەبڕاوبوون لە پروپاگەندەی نازی بۆ زیادکردنی رەنگدانەوەی وشە بەهێزەکان لە ڕێگەی کردارە بەهێزەکانەوە،کۆبونەوەی بۆنەکانیش راستەوخۆ لە ڕێگەی خوێندنەوەی وتارنەبوو بەسەر خەڵکدا، بەڵکو کاری شانۆیی پلان بۆ داڕێژراوی بۆ ئامادە دەکرا، رووناکی و مۆسیقاو دەستپێکردن و کۆتاهێنانی دیمەنەکان بە پلان بوو بەمەبەستی جولاّندنی ئامادەبوان، پاشان دوای تێپەربوونی کاتژمێرێك لەو جۆرە ئاهانگە بە پیاهەڵدان و گۆرانی وتن، هیتلەر گوتارێکی پێشکەش دەکرد[35].

هیتلەر تێبینی ئەوەی دەکرد زۆربەی جەماوەر یاخود تایبەتمەندییەکانی بەرەو سۆزداری دەچێت زیاتر لە عەقڵ، بۆیە پروپاگەندەی نازیەکان ئاراستەی سۆزی ئافرەت دەکرا و سەرکەوتووش بوو تیایدا. لە یەکێك لە بۆنەکاندا گۆبلز ڕایگەیاند کە گەلی ئەڵمانی جەنگ لە پێناو پاراستنی شارستانیەتی مەسیحی دەکات، ئەم جۆرە راگەیاندنە رەنگدانەوەی واقیعی هەست پێکراو نەبوو بەڵکو مەبەستێکی لە پشتەوەبوو کە ئەویش جولاّندنی هەستی لاشعوری مرۆڤە مەسیحیە ئەوروپیەکان بوو بۆ ئەوەی زۆرترین شوێن کەوتەیان هەبێت. ئەم نمونەیە کاریگەری سڕکردنی پروپاگەندەی نازی بۆسەر گەلە نا ئەڵمانیەکان ڕووندەکاتەوە کە تاکو چەند سەرکەتووبون لە پێکانی ئامانجەکانی ئەو پروپاگەندانە لەسەر گەلی ئەڵمانیاو گەلە ئەوروپیەکانی تر[36].

سەرەڕای ئەوەی پروپاگەندەی نازی ڕووبەڕووی هێرشێکی گەورەبویەوە بە تاییەت دوای تێکشکانی ئەڵمانیا لەبەردەم هاوپەیمانەکانی کە ئەوەش دەرگایەکی والاّکرد لەبەردەم بەرهەمهێنانی چەندین فلیم بۆ شێواندنی ئەو ئەزمونە و لە قەڵەمدانی بۆ درۆ و ساختە، بەلاّم لە راستیدا سەرکەوتوبوو لە کارکردنە سەر جەماوەر.

### 3-3-2: پروپاگەندەی نێودەوڵەتی دوژمنکارانە[37]

لە دێر زەمانەوە پروپاگەندەی نێودەوڵەتی دوژمنکارانە لە چوارچێوەیەکی فراواندا بەکار دێت لە نێو گەلاندا، بەلاّم کۆمەڵگەی

---

[34] Randall L. Bytwerk: The Propagandas of Nazi Germany and the German Democratic Republic, 2014, p41.

[35] -https://www.questia.com/read/117223929/munitions-of-the-mind-a-history-of-propaganda-from/1-7-2016

[36] -https://www.amazon.com/dp/1603440151?tag=germanpropaga-20/12-10-2016

37- د . سعد سلمان المشهداني : الدعاية الصهيونية الموجهة إلى العراق خلال الحرب العراقية الإيرانية ، بغداد ، دار الشؤون الثقافية العامة ، 2002 ، ص84.

نێو دەوڵەتی بەم دوایانە هەندێ ڕێسا و یاسای دانا کە ڕێ لە هەندێ لەم جۆرە پروپاگەندانە دەگرێ. لە سەدەی رابردوودا بزاوتێك دەرکەوت کە بۆ ڕێگرتن لە پەیوەندی نێودەوڵەتی کە بە مەترسی ئەژماردەکرا بۆ سەر ئاشتی جیهان. بەڵام گرنگی نەدەدرا لە بواری یاسایی بەو پروپاگەندانەی کە دەبووە هۆی هەڵگێڕانەوەی سیستەمی حوکم یان دوژمنایەتی و شەڕ، بەڵام گرنگیدانەکە ئەو پروپاگەندەیەشی گرتەوە کە ئامانجی رووشاندنی سومعەی ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن سەروەرین.[38]

لە گرنگترین جۆرەکانی پروپاگەندەی نێودەوڵەتی دوژمناکارانە ئەمانەن:

1- <u>پروپاگەندەی رووخێنەر:</u> مەبەست لێی ئەو پەیوەندیە ئاراستەکراوانەن لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر بە ئامانجی گۆڕینی سیستمی حوکمی سیاسی ئەو وڵاتە. ئەم جۆرە پروپاگەندەیە لە زۆرترین جۆرەکانی پروپاگەندەی دوژمنکارانە بەکار دێت، هەروەك ئەم جۆرە ئەوەیە کە دەوڵەتان لێی دەترسن. لێکۆڵەرانی یاسای نێودەوڵەتی نەك تەنیا دانیان نەناوە بە رەوایەتی ئەم پروپاگەندەیە بەڵکو هۆکار و ڕێساکانیش روون بوونەتەوە. کاتێك حکومەتێك پەیامێکی پەیوەندی پەخش دەکات بۆ گەلێکی بیانی بە ئامانجی لێکهەڵوەشاندنی یەکێتی نەتەوەیی، ئەمە بە کارێکی پێچەوانەی مافەکانی سەروەرێتی پیرۆزیی دادەنرێت و کارێکی جەنگگێرانەیە، چونکە رەنگە ببێتە هۆی کاری توندوتیژی یان خودی شەڕ کردەیی، لەسەر ئەم بنەمایەش بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 1950ی تایبەت بە ئاشتی لە ڕێگەی کردارەکانەوە دانیناوە بەوەی کە وروژاندنی ململانێی لۆکاڵی و برەوپێدانی بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتێکی بیانی بە کاری دوژمنکارانە دادەنرێت. هەروەك پەیماننامەگەلێکی زۆر هەن کە فرە لایەنن و واژۆکراون و راستێنراون، ئەم پەیماننامەیە وا لە لایەنە دیاریکراوەکان دەکات کە پروپاگەندەی رووخێنەر پەخش نەکەن[39].

2- <u>پروپاگەندەی هاویشتن و ناوزڕاندن:</u> جۆرێکی دیکە لە پروپاگەندەی نێو دەوڵەتی دوژمنکارانە، کە دەبێتە هۆی رووداوگەلێکی دبلۆماسی جۆراوجۆر لەوانە پروپاگەندەی هاویشتن و ناوزڕاندن، کە تیایدا وشەی نووسراو یان وتراو یان وێنەی کاریکاتێری یان شتی تری تێدا بەکار دێت لەو شێوازانەیە کە بە ئامانجی کەم نرخکردن یان کەمکردنەوەی شکۆی دەوڵەتە بیانیەکان و دامەزراوەکانیان و سەرکردەکانیان و دانیشتوانیان بەکاردێت، زۆر جار پروپاگەندەی هاویشتن تێکەڵ دەبێت بە پروپاگەندەی رووخێنەر و برەودان بە جەنگ. لە دۆسیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا ئەوە دەدۆزینەوە کە یاسای نێو دەوڵەتی بە روونی ئەوەی قەدەغە کردوە کە گەورە پیاوانی دەوڵەتێك یان کارمەندە فەرمیە گەورەکانی چەند وشەیەك بدرکێنن کە ئاشتیگیر نەبێت یان قسە بڵێن بە کەسایەتی و کاربەدەستانی دەوڵەتێکی دیکە[40].

3- <u>پروپاگەندە بۆ جەنگ:</u> مەبەست لە پروپاگەندە بۆ جەنگ ئەو هەوڵە راستەوخۆیانەیە کە دەدرێت بۆ پێکهێنانی ئاوەزگەلێکی جەماوەری دەوڵەتێکی دیاریکراوە بە ئاراستەی جەنگ و ململانێی چەکداری. پیاوانی یاسا لە سەدەی بیستەمدا دەستیان کرد بە جەختکردنەوە لە ناشەرعێتی پروپاگەندە بۆ جەنگ، چونکە ئەوە بەهانەیە بۆی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە پێش کۆمەڵەی

38- محمد الجمال د.راسم، معوض عياد د.خيرت، التسويق السياسى والاعلام، الدار المصرية اللبنانية، 2005، ص57.

39 -http://legal.un.org/ilc/publications/yearbooks/english/ilc_2003_v2_p1.pdf/5-8-2016.

40حامد مجيد فاره الشطري: الدعاية السياسية لقناة الكويت الفضائية، تويَذينةوةيةكى بلاَونةكراوةية، ثيَشكةش بة زانكؤى بغداد-كؤليَجى راطةياندن كراوة، 2004، ل49.

نەتەوەیی و پێش پەیماننامەی وڵاتە یەكگرتووەكان راگەیاندنی جەنگ بە یەكێك لە مافە سەروەرییەكانی هەر دەوڵەتێك دادەنرا جا ئەو راگەیاندنە بە هۆكارێكی ئاوەزگیری بوایە یان نائاوەزگیر یان هەر هۆكاری نەبووایە. بەڵام كاتێك كە جەنگی دوژمنكارانە بوو بە قەدەغەكراو ئیتر شتێكی سروشتی بوو كە فشارە ئایدیۆلۆژییەكان بۆ ئەم ئامانجە بە هەمان شێوە بە قەدەغەكراو ئەژمار بكرێت.[41]

4- <u>پروپاگەندەی تایبەت:</u> كاتێك كێشەكە پەیوەست دەبێت بەو كردەوانەی كە تاكەكان دەیكەن لە دەوڵەتێكدا ئەوا گونجاندنی یاسایی كارێكی جیاوازە لێرەدا مەبەست رۆژنامە و هەندێ ویستگەی بڵاوكردنەوەی تایبەتە و بڵاوكەرەوەی سەربەخۆیە بەدوورە لە كۆنترۆڵی حكومی[42].

پروپاگەندەی سیاسی لە بنەڕەتدا لە بیرۆكەیەكی ئاڵۆز و ئاوێتەوە سەرچاوە دەگرێ یان سۆزێك یان وشەیەك كە پیشتر پروپاگەندەكار بۆ كۆمەڵێكی دیاریكراو لە مرۆڤ پێكی هێناوە، شێوازی تەبشیری بۆ زیادكردنی پابەندی و دەمارگیری بۆ پرەنسیپێك یان بیرۆكەیەكی دیاریكراو[43]، ئەوەش بەبەكارهێنانی ڕێگەی ئاماژەكاری و خۆشنوودكردن و دووبارەكردنەوە و شوێنكەوتن و بەردەوام بوون لە دواندنی سۆز و هەڵچوونەكان و وروژاندنی پاڵنەر و پێداویستیە دەروونی و ماسولكەییەكانی تاك و كۆمەڵ وێڕای كاریگەری لە را و ئاراستەكانیان و هەوڵدان بۆ كۆنترۆڵكردنی رەفتاریان و گواستنەوەی بیرۆكەكان بۆیان لە میانەی درۆ و خەڵەتاندن-قەبەكردنی هەواڵەكان و یاریكردن بە وشەكانەوە.

لێرەوە گرنگی پروپاگەندە دەردەكەوێت ئەوەیە كە وای لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان كردەوە لە سەدەی نوێدا كە كاربكات بۆ كۆنترۆڵكردنی ڕێگەكانی پروپاگەندە و كاركردن بۆ بەكارهێنانی بەجۆرێك كە بگونجێت لەگەڵ رووگە سیاسییەكانیاندا. پروپاگەندی ئاراستەگیر بەوە جیادەكرێتەوە كە تێچوونەكەی هەرزانە بە بەراورد بەو تێچوونە زەوەندانەی خەرج دەكرێت لە هەڵمەتە سەربازیەكاندا، هەروەك دەكرێ كە كاریگەری زیاتر بێت لە شێوازی پەنابردن بۆ هەڕەشە و بەكارهێنانی سوپا لە چارەسەركردنی كێشە سیاسییەكاندا. یەكێك لە سەركردە ئەڵمانیەكان لە كاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە: "ئێمە بۆمبێكی بێ شومار بەكار دەێنین بۆ لەناوبردنی تفەنگێك كە بەدەستی سەربازێكەوەیە، ئایا ئەوە هەرزانتر نییە كە ڕێگەیەكی دیكە بدۆزینەوە كە ببێتە هۆی لێكئاڵانی ئەو پەنجانەی كە پەلەپیتكەی تفەنگەكە دەتەقێنێت؟"[44].

## 4-3-2: بنەماكانی ڕاڤەكردنی پروپاگەندەی سیاسی

بە پێی راوبۆچوونی زۆرێك لە لێكۆڵەرەكانی تیۆری رەفتاری سەردەم گرفتی پروپاگەندە دیاری كراوە بۆ یانزە بنەما كە ڕاڤەكاری پروپاگەندە بەشێوەی پرسیار دایان دەڕێژێت[45]:

1. ئامانجەكانی پروپاگەندە چین؟ بە واتایەكی تر ئەو كەسەی پروپاگەندە بڵاو دەكاتەوە بۆ دابەشكردنی بەها لەنێوان جەماوەردا

41عبدالسام احمد السامر: الدعاية الدولية (النشاط الدعائي الامريكي في العراق)، سةرضاوة ثيَشوو، ص121.

42 خيرى بهرام و عباسعليزادة منصور: بازاريابى سياسى، فرهنط مديريت، شمارة هجدهم، ثاييز و زمستان 1387 هجرى، ص 170-178.

43 جان ماري دوميناك: الدعاية السياسية، سةرضاوةى ثيَشوو، ص179

44 - هادي نعمان الهيتي: الاعلام العربي والدعاية الصهيونية، بغداد، المؤسسة العامة للطباعة والنشر- دار الجمهورية، 1969، ص91

45 - د. احمد بدر: الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، الكويت، دار القلم، 1974، ص166-167.

چی مەبەستێکی هەیە؟

2. ئەو کەسەی پروپاگەندە بڵاو دەکاتەوە چی لە کۆمەڵگەی زانیاریەوە دەوێت تاکو کۆمەڵگەی شارەزایی؟
3. لەڕووی شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بچووکترەوە وەك گەل و کۆمەڵەی ناو سنورێکی نیشتمانییەوە مەبەستی بڵاوکەرەوەی پروپاگەندە چیە؟
4. ئەی دەربارەی ئەو کەسەی پروپاگەندە بڵاو دەکاتەوە خۆی و هاوپەیمانەکانی؟
5. ئەو هێمایانە چین کە کەسی بڵاوکەرەوەی پروپاگەندە بەکاری دەهێنێت؟
6. ئەو هۆکار ڕاگەیاندنانە کامانەن کە کەسی بڵاوکەرەوەی پروپاگەندە بەکاریان دەهێنێت؟
7. پروپاگەندەکە ئاراستەی کێ دەکرێت؟
8. چۆن کاریگەری پروپاگەندەکە لەسەر جەماوەر پێوانە دەکرێت؟
9. ئەو بەهایانە کامانەن کە بڵاوکەرەوەی پروپاگەندە هەوڵ دەدات بۆ دەسنیشان کردن و دابەشکردنیان؟
10. بڵاوکەرەوەی پروپاگەندە پشت بە چی هۆکارێك دەبەسێت بۆ دەستنیشانکردنی بەهاکان و دابەشکردنیان؟
11. چۆن کاریگەریەکانی دژی پروپاگەندە پێوانە دەکرێت؟

**5-3-2: تەکنیکەکانی پروپاگەندەی سیاسی**

پروپاگەندە وابەستەیە بە تەکنیکێکی دیاریکراوەوە، بۆیە تەکنیك توخمێکی سەرەکیە کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرکەوتنی پروپاگەندەی سیاسی بە بەراورد بە نەبوونی، لە هەمان کاتدا تەکنیك بنەچەیە بۆ ڤایلکردنی لایەنی بۆ ئاراستەکراو.

**گرنگترین تەکنیکە تایبەتەکانی پروپاگەندەی سیاسی:**

**1- سەرنجڕاکێشان بەرەو ئایندەی پەیامی پروپاگەندەکە و پاراستنی و وابەستکردنیان:**

شوێنی پروپاگەندەکە گرنگە بۆ سەرنجراکێشانی ئایندەی پەیامەکە و پارێزگاریکردن لێی. لە هەمان کاتدا ئاشنابوون بە جۆری سەرنج راکێشانەکە گرنگیەکەی کەمتر نییە. بۆیە دەبێت پەیامی پروپاگەندەکە سەرنجراکێشان دروست بکات و شیاوبێت لەگەڵ گرنگیەکانی وەرگری پەیامی پروپاگەندەکە و هەوڵ بدرێت بۆ وابەستکردنیان پێکەوە. لێرەدا هەوڵدانی پروپاگەندەکار بۆ سەرنجراکێشانی جەماوەرو بەدەست هێنانی پشتگیریکردنیان و پاراستنی ئەو پشتگیریە کارێکی هەڵەو چەواشەکاری نییە لەڕووی ڕەوشتەوە[46].

**2-درۆکردن:**

لە پیشەی پروپاگەندەدا درۆکردن بەکار دێت. بەلاّم ئەگەر هاتوو درۆکە ئاشکرابوو، ئەوا لە دژی خاوەنەکەی دەکەوێتەوە. درۆکردن ئامرازێکە پروپاگەندەکار بۆ پێکانی ئامانجەکانی پەنای بۆ دەبات. چەندین نمونە هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە لە پروپاگەندەدا، نمونەی ئەوەی شیوعیەکان ساڵی 1950بەکاریان هێنا لە جەنگی نێوان کۆریاو ڤێتنام، ئەوان درۆیان کرد کە

[46]- د.عاطف عدلي العبد: الدعاية الأسس النظرية والنماذج التطبيقية ،دار الفكر العربي ،القاهرة،2008، ص51.

وتیان كۆریای باشور هێرشی كردووەتە سەر كۆریای باكور[47].

**3-بونیاتنانی ئەگەری بڕوا پێكردن:**

هەموو شارەزایانی بواری پروپاگەندە لە بەشی تیۆری و پراكتیكی كۆكن لەسەر گرنگی باوەركردن بە پەیامی پروپاگەندەكە. دەشێت ئەم شێوازی تەكنیكە پێویستی بە تێگەشتنێكی ورد هەبێت بۆ هەندێك لە وتەكانی دوژمن، نەك تەنها ئەوەش بەڵكو هەندێك جاریش دانپێدانان بەوەی كە دوژمن چی دەڵێت بەرامبەر بە هەوڵێستی ئێمە، ئەم جۆرە تەكنیكە ناسراوە بە تەكنیكی (بەڵێ) بەلام ئەگەری بڕوا پێكردن توخمێكی سەرەكیە لە توخمەكانی پیشەی پروپاگەندە، لەوەش زیاتر سەركەوتن لەكاتی درۆكردندا وابەستە بە دەر نەكەوتنی راستیەكانەوە، بۆیە ئەم تەكنیكە توخمێكی گرنگە كە پروپاگەندەی بەرامبەر وەك ئامرازێك بەكاری بهێنێت بۆ لاوازكردنی پیشەی راگەیاندن. لە روانگەی ئەوەی باسمانكرد تەكنیكی درۆكردن وابەستە بە ژیری و ئاشكرا نەبوون بە ئاسانی یەوە. ئەوەی شایەنی باسە گرنگی دانە بەو پاڵنەرانەی بزوێنەرن بۆ ئایندەی پەیامی پروپاگەندە، ئەمەش لای خۆیەوە وا دەكات گرنگیەكەی زیاتر و زیاتر بكات[48].

لێرەوە ئەركی سەرەكی پروپاگەندەكار بریتیە لە (بڕوا پێكردن)، واتا بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر دەربارەی وتەكانی، بۆیە لەبەر ئەمە مەرجە بابەتی پروپاگەندەكە جێگەی بڕوا پێكردن بێت كاتێك بابەتەكەی پێشكەش دەكات و بۆ بەهێزكردنی كارەكەی باشتر وایە تێكەڵی هەندێك راستی بكات كە جاماوەر ڕاهاتبێت لە وەرگرتن لە هۆكارەكانی راگەیاندن، لە ئە نجامدا بەكارهێنانی تەكنیكی درۆكردن هەرچەندە سەركەوتن بەدەست بهێنێت لە هەندێك حاڵەتدا بەلام لە ئە نجامدا دەبێتە هۆی بێ سوودی پروپاگەندەكە[49].

**4-تێوگلان بە كردارەكانەوە:**

مەبەست لە تێوەگلان لە میانەی كارەكاندا بریتیە لە بەشداریكردنی كرداری لەگەڵ كۆمەڵێكی دیاریكراودا كەوا لە تاك دەكات پشتیوانی لێ بكات یان بەشوێن بەهانەدا بگەڕێ بۆ بەشداریكردن لەگەڵیدا. پسپۆڕەكانی پروپاگەندە دانیان بەسەركەوتووی شێوازی تێوەگلان بەكارەكانیانەوە لەبەر زانینی بەهای تێوەگلان بەكارەكانەوە وەك بنەمایەك بۆ گۆڕینی ئاراستە كەمەبەست لەمە ئەوەیە كە ئەوان هاولاتیەكانیان تێوەدەگلێنن بۆ پێكەوە لكان لەگەڵ ژیانی سەربازی كرداری.

لەم میانەشدا كتێبە عەرەبیەكان باس لە شێوازی ئەلغید كونج دەكەن لە ڤێتنامی باكور لەسەروبەندی شەڕی ڤێتنامدا. كە ڤێتنامیەكانی تێوە دەگلاند و بەشداری پێ دەكردن لە كارە سەربازیەكان و گواستنەوەی پەیامەكان و ئە نجامدانی فریاكەوتنی پزیشكی كەوای لێدەكردن پشتیوانی ئەلغید كونج بكەن.[50]

**5-شێوازی تیلنیشان و تیلەكردن بەچاو:**

تیلنیشان یان تیلەكردن بەچاو تاوانباركردنێكی ئاراستەگیرە بۆ كەسێك یان لایەنێكی دیاریكراو بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ وەك

---

47- نعوم تشومسكي، الدعاية السياسية والعقل العام ، بلوتو برس، لندن ،2001 ط1، ص30.

48- محمد علي العويني : الاعلام الدولي بين النظرية والتطبيق، القاهرة، مكتبة الا نجلو المصرية، 1981، ط2، ص77.

49- لقاء ميكي العزاوي: الحرب النفسية للكيان الصهيوني في تشرين 1973، رسالة ماجستير غير منشورة قدمت الى جامعة بغداد/ كلية الاداب - قسم الاعلام عام 1988، ص22-23.

50 د.عاطف عدلي العبد: الدعاية الأسس النظرية والنماذج التطبيقية ، سةرضاوةى ثيَشوو، ص70.

ئەوەی بڵێی من ناڵێم كە فڵان كەس ئامێریكە بە دەست ئیسلامییە توندڕەوەكانەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە ئەو كەسە بەشێوەیەك لەشێوەكان بلێكێنیت بەئیسلامییە توندڕەوەكانەوە. یان بڵێیت ئەو پەیوەندی هەیە بە سزادانی بێتاوانەكانەوە، یان فڵان كەس وتی زۆری چەشتەوە لە بەندیخانەی داعش.[51]

لێرەدا تیلنیشان بەوە ناسراوە كە واتای تۆمەتباركردن لەخۆ دەگرێت بەبێ ئەوەی دانی پێدا بنێت، وەك ئەوەی بڵێیت كەشۆفێرەكە ئەمڕۆ سەرخۆش نیە، ئەمە مانای ئەوە ئەگەیەنێت كە بە گشتی سەرخۆشە.

6- دووبارەكردنەوە:

دووبارەكردنەوە هاوكاری كاری راگەیاندن دەبێت لەسەر بڵاوبوونەوە لە نێو پێشوازیكەرانی پەیامی راگەیاندنەوە، چونكە جەخت دەكاتەوە لەسەر هەڵمەتی راگەیاندن و بڵاوبوونەوەی لەنێو كەرتێكی گەورەی پێشوازیكەرانی پەیامی راگەیاندنەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو كاتانەی تیایدا دووبارە دەكرێتەوە و ئەو دەزگا راگەیاندنانەی لەبارن و ئەو هەلومەرجەی پەیوەستە پێوەی و پێشخانی راگەیاندن و ئەو كاریگەرییەی دەكرێت روودات.[52]

7- شێوازی پێشكەشكردنی را وەك ئەوەی راستەقینە بێت:

یەكێك لە شێوازەكانی پروپاگەندە بریتیە لە پێشكەشكردنی را وەك ئەوەی راستەقینە بێت،[53] ئەوەش لە پێناو زیادكردنی كاریگەری راگەیاندن. بۆ نموونە لەساڵی 2014 وە پروپاگەندەی دەوڵەتی كوردی سەربەخۆ لەلایەن هێزێكی سیاسییەوە ( پارتی ) بەجۆرێك راگەیاندنەكانیان وانیشان دەدات كەهێزەكانی تر لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆ نین.

زۆر جار گرانە كە هێڵێكی روون بكێشین لەنێوان راو راستیدا، رەنگە ئەوەی لایەنێك بە راستەقینەی دەبینێ لایەكی تر وەك را سەیری بكات و بەو شێوەیە.

خۆگێلكردنی بە مەبەست:

بانگەشەكردن پەنا دەباتە بەر خۆگێلكردن لەوەی كە پروپاگەندەی دژ پەرەی پێدەدات لە هەندێ شتدا، ئەگەر هات و وەڵامدانەوەی رەگەزگەلێكی بەهێزی لەخۆ نەگرت كە بەرامبەر پروپاگەندەی دژ بوەستێتەوە لە هەندێ رەگەزدا. ئەمەش وادەكات كە پرۆفیشناڵە رۆژئاوایەكان بڵێن: تاوانباریەكانی رۆژئاوا بۆ یەكێتی سۆڤێت لە رۆژگاری ستالیندا چڕ دەبۆوە لەسەربازگەی كردەی زۆرەملێدا و ملكەچكردنی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات كە لە خولگەی یەكێتی سۆڤێتدا دەخولانەوە. بەلام رادیۆی شیوعی —وەك ئەوەی ئەو كەسە پرۆفیشناڵانە تێبینیان كرد- هەوڵی نەئەدا كە تۆمەتەكە رەت بكاتەوە بەڵكو خۆی لێگێل دەكرد بە ئاسانی.[54]

[51] عبدالسـام احمد السـامر: اسـاليب الدعاية الامريكية في العراق، مجلة الباحث الاعلامي، عدد(28)، 2015، ص48.

[52] أحمد يحيى القراع: تقيم نشاط التسويق السياسي في اليمن، يمن، مؤسسة الهمداني الثقافية (الدار المحمدية الهمدانية للدراسات والابحاث)، 2010، ص43.

[53] جمال محمد ابو شنب و د. اشرف محمد خوخه: الدعاية والاعلان، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية , جمهورية مصر العربية 2005، ص57.

[54] عبدالسـام احمد السـامر: الدعاية الدولية (النشاط الدعائي الامريكي في العراق)، بغداد، كلية الاعلام، 2011، ص123.

**8-وروژاندنی سۆز:**

هەندێ جار پروپاگەندە پشت دەبەستێت بەلایەنی سۆزداری، وەك غەریزەی زۆرێك دەجولێنێت لەوانەی كە پێشوازی لە هەڵمەتی پروپاگەندە دەكەن. واتە بەكارهێنانی غەریزەی مێگەل بەمەش جەماوەر قبوڵی ناوەرۆكی هەڵمەتی پروپاگەندە دەكات.

لێرەدا پروپاگەندە ئاراستەی ئەو كۆمەڵانە دەكرێ كە پێكبەستی هاوبەش پێكیانەوە دەبەستێت وەك ئاین یان رەگەز یان جێندەر یان ژینگە یان كار یان رەگەزایەتی. زۆرێك لە خەڵكی كە دەبێت جیاكاری بكرێت لە نێوان گفتوگۆی سۆزداری و ئاوەزگەری و ئەوان پروپاگەندە دەلكێنن بەلایەنی سۆزدارییەوە، بەو پێیەكە هەمیشە نائاوەزگەرییە، بەڵام ئەم دوو بیرۆكەیە مەرج نییە دژی یەك بن، مادام ئەوەیكە پروپاگەندەكە دەكات بە وردی لێكۆڵینەوە دەكات لەسەر بەڵگەكانی دوژمن، لێكۆڵینەوەیەكی ئەقڵانی، هەروەك كەیسەكەی بە بیرێكی كراوە دەخاتە روو ئەوا بەرهەڵستی ئاكاری گونجاو ون دەبێت و ئەوەیكە دواتریش دەمێنێتەوە ئەوە پێویستی زانستییە بۆ بەكارهێنانی پاڵنەری بەهێز لەلایەن جەماوەرەوە ئەگەر ویسترا ئاراستەی خەڵك بگۆڕدرێت. خۆ ئەگەر دەستخسنی سەرنجی خەڵك بریتی بێت لە هەنگاوی یەكەم ئەوا راستاندنی پەیامەكە بە كارێكی بنەڕەتی دادەنرێ، بەڵام خودی ئەو راستاندنەش بە ئاكامی سۆزگیرییەكە دادەنرێ، چونكە خەڵكی حەز دەكەن كە باوەڕ بەو كەسانە بكەن كە خۆشیان دەوێن و گومانیان لە نیازیان نییە، دەكرێ هەموو شێوازەكانی دەستخستنی سۆزگیریی بە شێوازگەلی ئاكاری دابنرێ.[55]

**9-وابەستەیی ساختە:**

زۆر جار مرۆڤ لە پەیامی راگەیاندندا هەڵوێستێكی دیاریكراو قبوڵ دەكات یاخود رەتی دەكاتەوە لەسەر بنەمای ئەزمونەكانی پێشووی بەبێ گوێدان بە بیركردنەوەی مەنهەجی، ئەوە بریتیە لە وابەستەیی ساختە، ئەمەش زیاد دەكات لە كاتی قەیران و ئاڵۆزی جەنگدا دەكرێ وابەستەیی بكرێ لە نێوان گیانی مەعنەوی بەرز و بەرزگیریی دیاریكراودا، یان سەركەوتن بە چەكێكی دیاریكراوەوە، هەروەك دەكرێ كە سەركردەیەكی سیاسی كەسیەتیەكی دیاریكراو بقۆزێتەوە كە جەماوەرێكی زۆری هەبێت ئەوەش لە پێناو ئامانجێكی دیاریكراودا لە میانەی كاری راگەیاندندا، جێكەوتی ئەم رێگەیە زیاد دەكات هەركات ئاستی فێركاری پێشوازیكەری پەیامی راگەیاندن كەم بێتەوە.[56]

**10- دیاریكردن**

پروپاگەندەكاران هەرچەندە نزیكتر بن لە ئایندەی پەیامی راگەیاندن هێندە پروپاگەندەكان كاریگەریان زیاتر دەبێن. واتا پێچەوانەكەشی راستە كاتێك پروپاگەندەكار دوور بێت لە ئایندە كاریگەری كارەكەی لاواز دەبێت، لێرەوە دەتوانین بڵێین پروپاگەندەكاری نزیك لە ئایندەی پەیامی راگەیاندن ئامادەیە بۆ دیاریكردن بەشێوەیەكی چالاك، ئەمەش هۆكاری ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە كە لەكاتی ئاراستەكردنی كاری راگەیاندن پشت بە كەسانێك دەبەسترێت سەر بە ناوچەیەكی دیاریكراوبن. هەندێك جار لە ئاراستەكردنی پەیامی راگەیاندندا زمانی سەر شەقام بەكار دێت بەمەبەستی زیادكردنی كاریگەریەكانی

55 عبدالسلام احمد السامر: اساليب الدعاية الامريكية في العراق، سەرچاوەی پێشوو، ص37.

56عزيزه عبده: الاعلام السياسي والرأي العام ، دراسة في ترتيب الاولويات ، دار الفجر للنشر والتوزيع ، القاهرة ، 2004 ، ص22.

پەیامەکە[57].

ئه نجامەکان

توێژەر لەئە نجامی کۆکردنەوەی زانیاری پەشت بەستراو بە سەرچاوە زانستییەکان گەیشت بەم ئە نجامانە :

1- پروپاگەندە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ گۆڕینی بیروبۆچوونەکانی تاك و کۆمەڵ، لەوکاتەی مرۆڤ فێری وێنەکێشان و قسەکردن بووە پروپاگەندە هەیە، بەلاّم لەسەدەی حەڤدە بەدواوە ئەم چەمکە ناسراوە.

2- پروپاگەندە لەسەردەمی نوێدا بریتیە لەهەوڵدانێکی رێکخراو لە لایەن کەسێك یان کەسانێکەوە کە خۆی لەشێوەی دەستەواژەو دروشمی کاریگەرو قسەی نەستەق و وێنەو کاریکاتێرو ڤیدیۆوە نیشاندەدات بۆ دەرخستنی خاڵی بەهێزی پروپاگەندەکارو خستنەڕووی لاوازی پروپاگەندە لەسەرکراو بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئاراستەکانی تاك و کۆمەڵ لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانیان.

3-هەندێکجار بابەتی پروپاگەندە سودی هەیە، بەجۆرێك کاریگەری لەسەر (دوژمن) رکابەرەکانمان دروست دەکات، بەقایلکردنی دوژمن بەوەی کە بەرەو شکستهێنان دەچێت. هەروەها وەك بەرگری ناوخۆیی دژ بەهێرشە دەروونیەکانی رکابەرەکانمان بەکاردێت.

4-چەندین رێگا و شێوازی جیاواز هەیە کە پروپاگەندەکار پشتیان پێدەبەستێت بۆ گەیاندنی پەیامی پروپاگەندە، کە لەهەموویان ترسناکتر پروپاگەندەی ئاینییە.

5-ململانێی پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا هۆکارێکی سەرەکی گەشەکردنی پروپاگەندەی سیاسییە.

6- پروپاگەندەی سیاسی دابەش دەبێت بۆ سێ جۆری سەرەکی ئەوانیش ( پروپاگەندەی شیوعی، پروپاگەندەی نازی، پروپاگەندەی نێودەوڵەتی دوژمنکارانە )، کە پروپاگەندەی شیوعی کۆنترین جۆریانە.

7- توێژەر گەیشت بەو ئە نجامەی کە تەکنیکەکانی پروپاگەندەی سیاسی یانزە جۆری گرنگن، کە بەگشتی سەرچاوەکان ئاماژەیان پێداون.

سەرچاوەکان


- احمد بدر: الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، الكويت، دار القلم، 1974.
- احمد بدر: الإعلام الدولي ـ دراسات في الاتصال والدعاية الدولية ، القاهرة، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع ، 1998.
- أحمد يحيى القراع: تقيم نشاط التسويق السياسي في اليمن، يمن، مؤسسة الهمداني الثقافية (الدار المحمدية الهمدانية للدراسات والابحاث)، 2010.
- اسماعيل علي اسعد : الاتصال والرأي العام، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية، 1989.
- جان ماری دومیناك: الدعاية السياسية، ترجمة جلال فاروق الشريف، دمشق، منشورات دار الصحافة، 1965.


[57]- محمد علي العويني : سەرضاوەی ثيَشوو، ص80-81.

- جان وليام لابيار: السلطة السياسية، ترجمة الياس حنا الياس، بيروت، منشورات عبيدات، 1983.
- جمال السيد: اضواء على الحرب النفسية، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1972.
- جمال محمد ابو شنب و اشرف محمد خوخه: الدعاية والاعلان، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية , جمهورية مصر العربية 2005.
- راسم محمد الجمال ، معوض عياد : التسويق السياسى والاعلام، الدار المصرية اللبنانية، 2005.
- رفيق سكري: دراسة في الرأي العام والاعلام والدعاية، طرابلس، جروس برس، 1991.
- سعد سلمان المشهداني : الدعاية الصهيونية الموجهة إلى العراق خلال الحرب العراقية الإيرانية ، بغداد ، دار الشؤون الثقافية العامة ، 2002 .
- صلاح نصر: الحرب النفسية- معركة الكلمة والمعتقد، الجزء الاول، القاهرة، دار القاهرة للطباعة والنشر، 1967.
- عاطف عدلي العبد: الدعاية الأسس النظرية والنماذج التطبيقية ،دار الفكر العربي ،القاهرة،2008.
- عبد الرحمن عيسوي، دراسات في علم النفس الاجتماعي، بيروت، دار النهضة العربية، 1974.
- عبدالاله مصطفى الخزرجي: تحليل لغة الدعاية، بغداد، توزيع مكتبة الشروق الجديد، 1984.
- عبدالسـام احمد السـامر: الدعاية الدولية (النشاط الدعائي الامريكي في العراق)، بغداد، كلية الاعلام، 2011.
- عبدالطيف حمزة: الاعلام والدعاية، القاهرة، دار الفكر العربي،1984.
- عزيزه عبده: الاعلام السياسي والرأي العام ، دراسة في ترتيب الاولويات ، دار الفجر للنشر والتوزيع ، القاهرة ، 2004.
- عصام فاهم جواد : الدعاية الإيرانية والدعاية الإسرائيلية، بغداد، دار الحرية للطباعة، 1987.
- فتحي الابياري: الاعلام الدولي والدعاية، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية،1988.
- كرم شبلي: الراديو والتلفزيون في الحرب النفسية، بغداد، بلا دار نشر، 1973.
- لندلي فريزر: الدعاية السياسية واثرها على مستقبل العالم، ترجمة عبد السلام شحاتة، سلسلة الفكر العالمي، القاهرة، دار النصر للطباعة والنشر والاعلان، 1960.
- محمد الحمدانى.د.حازم، الدعاية السياسية بين الماضى و الحاضر، الاردن، دار اسامة للنشر و التوزيع، 2012.
- محمد جودت ناصر: الدعاية والاعلان والعلاقات العامة، مصر، دار القاهرة للطباعة والنشر، 2002.
- محمد علي العويني: الاعلام الدولي بين النظرية والتطبيق، القاهرة، مكتبة الا نجلو المصرية، 1981.
- نعوم تشومسكي، الدعاية السياسية والعقل العام ، بلوتو برس، لندن ،2001.
- هادي نعمان الهيتي: الاعلام العربي والدعاية الصهيونية، بغداد، المؤسسة العامة للطباعة والنشر- دار الجمهورية، 1969.

- وليد سليم الكيلاني: الحرب النفسية بين الكلمة والطلقة، عمان، مديرية التوجيه المعنوي، 1975.
- خيرى بهرام و عباسعليزادة منصور: بازاريابى سياسى، فرهنط مديريت، شمارة هجدهم، ثاييز و زمستان 1387 هجرى.
- كاتم مارتا، ديتز بث، اولر مسترز النا، ثرستون توماس: مقدمةاي بر روان شناسي سياسي، ترجمةسيد كمال خرازي، جواد علاقبندراد، مركز نشر دانشطاهي، تهران، ضاث قنبري، 1386هجرى.
- Encarta Reference Library 2003 ''CD'' 2003, Propaganda .
- Harold Lasswell: Propaganda techniques in world war, Cambridge, Mass M.I.T. Press, 1971.
- Randall L. Bytwerk: The Propagandas of Nazi Germany and the German Democratic Republic, 2014.
- The New Encyclopedia Britannia "CD" 2003, Propaganda.
- حامد مجيد فاره الشطري: الدعاية السياسية لقناة الكويت الفضائية، رسالة ماجستير (غير منشورة) قدمت الى جامعة بغداد/كلية الاعلام، 2004.
- عبد المنعم كاظم مطلب الشمري: الدعاية الصهيونية في عملية تهجير اليهود السوفيت، رسالة ماجستير (غير منشورة) قدمت الى جامعة بغداد/كلية الاداب-قسم الاعلام عام 1985.
- لقاء ميكي العزاوي: الحرب النفسية للكيان الصهيوني في تشرين 1973، رسالة ماجستير غير منشورة قدمت الى جامعة بغداد/ كلية الاداب - قسم الاعلام عام 1988.

**رۆژنامەو گۆڤارەكان:**

- عبدالسـام احمد السـامر: اسـاليب الدعاية الامريكية في العراق، مجلة الباحث الاعلامي، عدد(28)، 2015.
- متعب جاسم مناف: القاعدة النفسية والاجتماعية للاتصال الاعلامي، مجلة كلية الاداب بجامعة بغداد، العدد (24) كانون الثاني، 1979.

- http://englishrussia.com/2011/01/27/art-of-soviet-propaganda.9/9/2016
- http://legal.un.org/ilc/publications/yearbooks/english/ilc_2003. 5/8/2016
- http://www.ibtesamh.com/showthread-t_313697.html. 6/12/2015
- http://www.sasapost.com/propaganda-stratigies.6/12/2015
- https://www.amazon.com/dp/1603440151?tag=germanpropaga-20 12/10/2016
- https://www.questia.com/read/117223929/munitions-of-the-mind-a-history-of-propaganda-from. 1/7/2016